https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.293

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ناشتنی مردوو وەك مەراسیمێکی کۆمەڵایەتیی (توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە)

د. نادیە ولی جبار
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب/ کۆمەڵناسی
nadia.jabbar@su.edu.krd

پ.ی.م. هەردی زیاد صالح
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی فەلسەفە
hardi.saleh@su.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئەنترۆپۆلۆژییە دەربارەی داب و نەریتی ناشتنی مردووە لەشاری هەولێر. ئامانجی شیکردنەوە و دیاریکردنی ئامانجەکانی مەراسیمی ناشتنی مردووە بە پێی داب و نەریتی شاری هەولێر و دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەم مەراسیمەدا هاتوون. دیاریکردنی گۆڕانکارییەکان، خستنەڕووی ئەرکەکانی ئەم مەراسیمە. ئایا ناشتنی مردوو ئەرکێکی کۆمڵایەتییە؟ چۆن بەڕێوە ئەچێت؟ ئایا ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵگەدا یەن، چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر گۆڕانی شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە؟ میتۆدی بەکارهاتوو بریتییە لە میتۆدی (ئیتنۆگرافیا و بەراوردکاریی). سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکە مەبەستدارە و نموونەی )حاڵەتە دەوڵەمەندەکان)ە لە (١٠) کەس پێکهاتوون. چاوپێکەوتن و تێبینیی بە بەشدارییکردن، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی یەکان بەکارهاتوون. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: ئەم مەراسیمە پێگەی کۆمەڵایەتیی مردوو دەرئەخات، پەیوەندییی کۆمەڵایەتیی ناوان تاکەکان بەهێز ئەکات. ئێستا ئەم مەراسیمە ڕێز و سەنگی خۆی لەدەست نەیاوە، لەگەڵ ئەوەی کۆرۆنا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر شێوازی ناشتنی مردوو لە شاری هەولێر. گۆڕانی هەندێک نەریت و هاتنە ناوەوەی نەریتی نوێ. شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە هەندێک گۆڕاوە، بە جۆرێک لە ناو چینی باڵا لە لایەنی خەرجییەوە هەندێ زیادەڕۆیی تیا ئەکرێت. ئێستا نوێژی ئیسقات ئەکرێت، بەڵام زۆر کەمبووەتەوە. مەراسیمی ناشتنی مردوو چەند ئەرکێکی هەیە: کولتووریی و کۆمەڵایەتیی، ئایینیی و دەروونیی.

**کلیلەکانی توێژینەوە: مردن، ناشتنی مردوو، داب و نەریت، کەلتوور، مەراسیم.**

Recieved: 4/6/2023
Accepted: 23/6/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

ئـەو گۆڕانکارییـە یـەک لـە دوای یەکانـەی بەسـەر کۆمەڵگـەی کوردەواریـی دا یـەت؛ ئەبێتـە هـۆی وەچەرخـان و سـەرهەڵدانی هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتیـی و داب و نەریتـی نوێـی تایبـەت بـە دیـاردەی ناشـتنی مـردوو. هـەر لـە دێرزەمانـەوە هەمـوو ئایینـەکان ڕێزیـان لـە مرووەکانیـان گرتـووە، ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ خۆشەویسـتیان بـۆ مردووەکـە و پڕۆسـەی مـردن بەلایانـەوە نادیـار و پیرۆزبـووە. لێـرەدا بـاس لـە مەراسـیمی ناشـتنی مـردوو ئەکەیـن لـە ڕەهەنـدە کۆمڵایەتییەکەیـەوە؛ کـە وەکـو داب و نەریـت و مەراسـیمە کۆمڵایەتییـەکان شـتێکی پێویسـتییە، بـەم پێیـە شـێوازی بەڕێوەچوونـی ئـەم مەراسـیمە مێژوێکـی دوور و درێـژی بەسـەرا تێپەڕیـوە و بـووە بـە بەشـێک لـە کولتـووری کۆمەڵگـەکان، بـەڵام شـێوازی بەڕێوەچوونـی ئـەم مەراسـیمە لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر جیاوازیـی هەیـە.

کۆمەڵگـەی کوردیـی وەکـو کۆمەڵگەکانـی تـر داب و نەریـت و یاسـای تایبـەت بـە مەراسـیمی مردووناشـتنی هەیـە، کـە لەناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر، لەهەنـدێ وردەکارییـدا، جیاوازییـان هەیـە، بـە تایبـەت لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا فرەکولتووریـی زاڵـە بەسـەر کۆمەڵگـەکەدا. مردووناشـتن پەیوەندیـی بـە سسـتمی کۆمەڵایەتیـی لەلایـەک و بـە سسـتمی کولتووریـی لەلایەکـی تـرەوە هەیـە. کەواتـە ڕێوڕەسـمەکانی مردووناشـتن پێکهاتەیەکـی کولتوورییـە و ئەرکێکـی کولتووریـی لـە کۆمەڵگـەدا بەجـێ ئەهێنێـت. بەوپێیـەی کۆمەڵگـەی کوردیـی زۆرینەیـان موسـوڵمانن، بۆیـە جەخـت ئەکەینـەوە سـەر مەراسـیمی تازیـە و مردووناشـتن لـەلای مسـوڵمانان.

بابەتـی ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵدانێکـە بـۆ شـیکردنەوە و تیشـک خستنەسـەر ناشـتنی مـردوو وەک داب و نەریتێکـی کۆمەڵایەتیـی لـە کـۆن و ئێسـتادا. تێبینـی ئەکرێـت ئـەم نەریتـە لەزۆربـەی کۆمەڵگەکانـدا هەیـە، بـەڵام شـێوازی بەڕێوەچوونـی لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ یەکـی تـر ئەگۆڕێـت، بەتایبـەت دوای پەتـای کۆرۆنـا، وەک ئەزانرێـت گۆڕانـی زۆر درووسـتبوون لـەرووی شـێوازی ژیـان و نەریتەکانـی پرسـە و ناشـتنی مـردوو. تاکـو ئێسـتا مـرۆڤ نەیتوانیـوە و ناتوانێـت بەرەنـگاری مـردن ببێـت بـە وە، یاخـود کارێـک بـکات بـۆ وەسـتاندنی.

کەواتـە ئەگـەر مـردن تەنهـا ئـەو ڕاستیيە بێـت کـە لـە کۆنـەوە تـا ئێسـتا مـرۆڤ بیـروڕای جیاوازیـی نەبـووە دەربـارەی، ئـەوا ئـەو پرسـیارەی ڕووبەڕوومـان ئەبێتـەوە ئەوەیـە: نهێنیـی مـردن چییـە؟ ئایـە کۆتایـی مرۆڤـە؟ کاتێـک ئەڵێیـن کۆتایـی؛ ئەمـە مانـای فەناهەبوونـی تەواوەتیـی؟ یـان مـردن کۆتاییـە. بـە تێگەیشـتنێکی تـر؛ مەبەسـتمان کۆتایـی مرۆڤـە لـە جیهانـی زەوییـی و لـە دایکبوونەوەیەتـی لـە جیهانێکـی تـردا، مەبەسـتمان کۆتایـی و لەناوچوونـی جەسـتە و مانـەوەی ئـەو ڕۆحەیـە، کـە لـە گەشـتەکەی بـە نـاو جیهانـی تـردا بـەردەوام ئەبێـت (ئەحمـەد، ١٩ ,٢٠١٤). بەجێهێنانـی هـەر هەنگاوێـک لـەم مەراسیمەدا ئاماژەیەکـە بـۆ گوزارشـتی خـاوەن مـردوو بەرامبـەر لەدەسـتدانی کەسـێکی نزیـک. هـەر لـە کۆنـەوە بەجێهێنانیـی ئـەم مەراسـیمە بـە پیـرۆز دانـراوە، کاتـێ ئەڵێیـن: بەجێهێنانـی ئـەم مەراسـیمە فـەرزە؛ ئەویـش نیشـاندانی ڕێـز و گەورەیـی مرۆڤەکانـە لای خـوا. هەروەهـا دانانـی پرسـە و قورئـان خوێنـدن و مەولودگێـڕان هەتـا ئەگاتـە نەشـکاندنی پرسـە بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو، هـەر هەموویـان ئامـاژەن بـۆ پێگـەی کۆمەڵایەتیـی و خۆشەویسـتی مردووەکـە لای خانەوائەکـەی. ئەتوانیـن بڵێیـن توێژینـەوە دەربـارەی ئـەم دیـاردە کۆمەڵایەتییـە؛ مەراسـیمی ناشـتنی مـردوو، لـە یـەک کاتـدا، بـە داب و نەریتێکـی

کۆمەڵایەتیی و ئایینیی دائەنرێت.

پرسی توێژنەوەکە ئەوەیە: ئایا ناشتنی مردوو ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە؟ چۆن بەڕێوە ئەچێت؟ ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵگەدا یەن چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر گۆڕانی شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە؟ شێوازی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو لە کۆن و ئێستادا لە کوێدا جیاوازییان هەیە؟ بەڕێوەچوونی مەراسیمی ناشتنی مردوو چ ئاماژەیەک ئەهێنێت؟ بۆچیی ڕێز لە مردوو ئەگیرێت؟

توێژینەوەی بەردەست گرنگیی خۆی هەیە بەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتوون، لە رابردوو و ئێستادا، ئەوا مەراسیمەکانی ناشتنی مردوو گۆڕانکارییان بەخۆوە بینی و چیتر وەکو پێشتر بەڕێوە ناچن؛ بەو پێیەی گۆڕانکاریی لە بەڕێوەچوونی پرسەدا ڕوویانداوە وەک: کەمبوونەوەی شیوەن و لاواندنەوە و پۆشینی جل و بەرگی ڕەش بۆ ماوەیەکی زۆر. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە باس لە مەراسیمی ناشتنی مردوو و ئەو گۆڕانکارییانە ئەکات کە بەسەریدا هاتوون لە شاری هەولێر.

## بەم شێوەیە ئامانجی توێژەران لێرەدا:

١- هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنی ئاماژەکانی مەراسیمی ناشتنی مردوو بەپێی داب و نەریت و کولتووری شاری هەولێر.

٢- زانیین و دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی مەراسیمی ناشتنی مردوو لەسەر شێوازی ژیانی خەڵک و مامەڵەکردنیان لەگەڵ لەدەستدانی کەس و کاریان، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم مەراسیمەدا هاتوون.

سەبارەت بە میتۆد و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، ئەوا لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بەشێوەیەکی ئیتنۆگرافییانە زانیاریی یان کۆکردووەتەوە، هەر بۆیە میتۆدی ئیتنۆگرافیی (Ethnography) یەکێکە لەو میتۆدانەی لێرەدا ئاراستەی توێژینەوەکەی کردوە. ئاراستەی ئیتنۆگرافیی و بەکارهێنانی لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیادا هاوشانن. ئیتنۆگرافیا جەخت ئەکاتەوە لەسەر توێژینەوەی لایەنەکانی کولتوور(Taylor, Boellstorff,Nardi. and Pearce., ٢٠١٣, ٢٧)، یان بریتییە لە وەسفکردن و شیکردنەوە و راڤەکردنی کولتووری کۆمەڵگەیەک یان کۆمەڵە تاکێک، یان سستمێک و، جەختئەکاتەوە لەسەر کردەوەکان یان بیروباوەڕەکان (المعتقدات)، زمان و، جۆری ژیانی تاکەکان یان کۆمەڵگەکانیان (Campbell, E. and Lassiter., ٢٠١٥, ٨٧ ). هەروەها ئیتنۆگرافیا، واتا؛ نووسین لەبارەی کولتوورەوە. ئیتنۆگراف تێبینیی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەکات و تۆماریان ئەکات، تێبینییەکانی وەسفێکی چڕوپڕی ژیانی ڕۆژانەی ئەو تاکانەیە کە لەو شوێنە دیاریکراوەدا ئەژین. کەواتە؛ ئیتنۆگرافیا وێنەیەکی وردی ئەو پەیڕەوکردنەی داب و نەریتی ژیانی ڕۆژانەی کولتوورێک یان وردە کولتورێکە، یان کولتووری گروپێکی دیاریکراو ئەدات بەدەستەوە (بیر و لیڤی، ٢٠١١: ٣٨٨). هەروەها ئیتنۆگرافیا لە شتگەلێکی وەکو: جلوبەرگ، ئامرازەکانی ژیان، شتومەکی پیرۆز، بیروباوەڕەکان، داب و نەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ئەتوێژێتەوە (موحسنی، ٢٠٠٧: ٥٩). لە کۆتاییدا توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکان گرنگیی ئەدەن بە وەسفکردنێکی ورد بۆ کۆی ورد و درشتی ژیانی

ڕۆژانـەی تاکەکان(سـکوت و مارشـاڵ، ٢٠١١: ٣٤٠). هەروەهـا لێـرەدا بـە پێویسـت زانـرا میتـۆدی بەراوردکاریـی (Comparative Method) لەگـەڵ ئیتنۆگرافیـادا بەکاربێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت ئاراسـتەی توێژینەوەکە تۆکمەتر بێـت، بـەوەی هەوڵدانێـک بێـت بـۆ ئـەوەی بـەراوردی بەڕێوەچونـی مەراسـیمی ناشـتنی مـردوو بکرێـت لـە پێـش و پـاش پەتـای کۆرۆنـا. ئاشـکرایە پەتـای کۆرۆنـا گۆڕانکارییـی لـە کـۆی ژیانـی کۆمەڵایەتیـی زۆربـەی دانیشـتوانی گـۆی زەویـی درووسـت کـردووە، لەبـەر ئـەوە بـە بـاش زانـراوە بـە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ تیشـک بخرێتـە سـەر ئـەو گۆڕانانـەی کۆرۆنـا لەسـەر مەراسـیمی مردووناشـتن درووسـتی کـردووە.

میتـۆدی بەراوردکاریـی بەکەڵـک یـەت و جێبەجـێ ئەبێـت لەسـەرجەم زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا، سرووشـتی توێژینـەوە کۆمەڵایەتییـەکان ڕێگـە ئـەدات بەراوردکاریـی تیـا بکرێـت، بەڵکـو بەراوردکاریـی بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن ئـەو بنەمایانـە دائەنرێـت، کـە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵناسـیی لـە توێژینـەوە کۆمڵایەتییـە بەراییەکانـدا پشـتیان پـێ بەسـتووە لەدانانـی بنەماکانـی کۆمەڵناسـیی(ابراش، ٢٠٠٩: ١٧٧). هەروەهـا ئـەم میتـۆدە جەخـت ئەکاتـەوە لەسـەر بەراوردکردنـی لایەنـە جیـاواز و لێکچووەکانی دیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان، بەمەبەسـتی دۆزینەوەی ئـەو فاکتـەرە یـان بارودۆخـەی بـووە بـە هـۆی ڕوودانـی ئـەو دیـاردە کۆمڵایەتییـە، ئەکرێـت بەراوردکاریـی لـە چوارچێـوەی یـەک کات دا بێـت، یـان هەڵسـان بـە بەراوردکردنـی یەکێـک لـە دیـاردەکان لـە هەمـان کۆمەڵگـە و لـە کاتێکـی جیـاوازدا بکرێـت، بـۆ زانینـی گەشەسـەندن و گۆڕانکاریـی ئـەو دیاردەیـە. لـەم توێژینەوەیـەدا میتـۆدی بەراوردکاریـی لەلایەنـی مەیدانیـی دا بەکارهاتـووە، بـۆ بەراوردکردنـی چۆنێتـی بەڕێوەچوونـی مەراسـیمی مردووناشـتن لـە ئێسـتا و لـە ڕابـردوودا هەروەهـا ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەریدا هاتـوون.

سـەبارەت بـە کۆمەڵـگا و نموونـەی توێژینـەوە، ئـەم توێژینەوەیـە لەبـارەی (ناشـتنی مـردوو وەک مەراسـیمێکی کۆمەڵایەتیـی -توێژینەوەیەکـی ئەنترۆپۆلۆژییـە)، بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی لەبـارەی ئـەو مەراسـیمەوە نموونەیەکـی مەبەسـتدار (العینـة القصدیـة - Non– probability) وەرگیـراوە، بـەڵام لـە جـۆری نموونـەی )حاڵەتـە دەوڵەمەندەکان)(عینـة الحـالات الغنیـة- Intensity Sample “Rich Case”)، ئـەم جـۆرە نموونـەی ئـەو تاکانـە ئەبـن بـە نموونـەی توێژینەوەکـە کـە زانیاریـی زۆریـان هەیـە و بابەتیانـە شـیکردنەوە بـۆ دیـاردەکان ئەکـەن (Angrosino., ٢٠٠٦, ٥٦). کەواتـە؛ لـە کۆتاییـدا ئـەو تاکانـەی بـە نموونـە وەرگیـران ژمارەیـان (١٠) کـەس بـوو، کـە زۆرتریـن زانیارییـان لەبـارەی مەراسـیمی ناشـتنی مـردووەوە هەیـە؛ یاخـود کەسـانێک بـوون بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە (١٥ بـۆ ٣٣) سـاڵ بەشـێوەیەکی زۆر بەشـدارییان کـردووە لـەم مەراسـیمەدا، تەنانـەت لـە سـەردەمی کۆرۆناش هەر خەریکبـوون لەگـەڵ خەڵکیـی و لەگـەڵ سـتافی خۆبەخشـانی ناشـتنی مـردوودا کاریـان کـردووە، ئـەو کارانەشـی کـە کردوویانـە بریتیبـوون لـە: شـتن و کفنکردنـی مـردوو، هەروەهـا گۆڕیـان هەڵکەنـدووە. هـۆکاری هەڵبژاردنـی ئـەو کەسـانە وەک نموونـە بـۆ ئـەوە بـووە تـا بتوانرێـت زۆرتریـن وردەکارییـی و وەسـف و تێگەیشـتن بخرێنـەڕوو لەبـارەی ئـەو مەراسـیمەوە، ئەرکـە کۆمەڵایەتییـەکان و هێمـا و ئاماژە جیاوازەکانـی شـیبکرێنەوە.

بـۆ کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان توێـژەران بـە پلـەی یـەک پشـت بـە سـەرنج و تێبینـی ئەبەسـتن و بـە پلـەی دوو چاوپێکەوتنـەکان، کـە بـە یەکێـک لـە ڕێـگاکان دائەنرێـت بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی لـە توێژینـەوە چۆنایەتییەکانـدا و، لـە ڕێگەیـەوە توێـژەران توانیویانـە شـارەزایی لەبـارەی بیرکردنـەوە و هەسـت و بۆچونەکانـی کەسـانی تـر بزانـن، هەروەهـا توێـژەران لـەم ڕێگەیـەوە لـە توانیـان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ تێبینییەکانیـان تۆمار

بکەن. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراوە، دوای ئەوەی توێژەران پێشوەختە زانیارییەک لە بارەی بابەتەکەوە زانرا و، ئەیانەوێت روونکردنەوە لە لێتوێژراوان وەربگرن. داوا لە وەڵامدەرەوەکان کراوە کە بەشێوەیەکی گشتیی و بە وشە و شێوازی خۆیان وەڵامی بابەتەکە بەنەوە، توێژەران پرسیاری روونکردنەوەیان کردووە لە لێتوێژراو تاوەکو بتوانرێت گوتار و روونکردنەوەی نوێ لە بارەی بەشێک لە بابەتەکە بخاتەڕوو. هەروەها بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم مەراسیمە و لێکدانەوە و دەرخستنی بەراوردێک لەناوان مانای تایبەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی ناشتنی مردوو لە رابردوو و ئێستادا. دوای ئەوەی فۆڕمی چاوپێکەوتن ئامادەکرا؛ توێژەران هەوڵیانداوە پیشانی چەند پسپۆرێکی ئەکادیمیایی بەن، تاوەکو گەیشتوون بە شێوازی کۆتایی، کە ئیتر بۆ بەجێهێنانیی چاوپێکەوتنەکان شیاوبێت. شێوازی کۆتایی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە لە (٣) تەوەر؛ کە بەسەر(٣٠) پرسیاردا دابەشکراون، پێکهاتووە. هەروەها (١٠) کەس وەک نموونەی مەبەستدار وەرگیراون کە کەسانی شارەزا و بە ئەزموون بوون.

## - تەکنیکی بەجێهێنانی چاوپێکەوتنەکان لەم توێژینەوەیەدا:

١- هەر چاوپێکەوتنێک (٤٥ تا-٦٠) خولەکی خایاندووە.

٢- چاوپێکەوتنەکان لە ناو ماڵ و شوێنی کارکردنی تاکەکانی نموونەکەدا بەجێهێنراون، بەشێوەیەکی تاکی، رووبەڕووانە و بەتەنها بەجێهێنراون، بۆ ئەوەی لێتوێژەر بە دڵنیایی و بێ هەهەبوونی هیچ بەربەست و فشارێک- راستی بیروڕا، ئەزموون، بەسەربردنی ژیانی رۆژانەی بخاتەڕوو. هەروەها بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت چاودێری و تێبینییەکانی خۆی بەوردی تۆمار بکات.

٣- ئەو تاکانەی بۆ چاوپێکەوتنەکە دەستنیشانکران چەند تایبەتمەندییەکیان هەبوو، لەوانە شارەزایی باشیان هەبوو، هەروەها بۆ ماوەی زیاتر لە (١٥) ساڵ کاریان لە بوارەکانی شتن و کفنکردن و گۆڕهەڵکەندن کردبوو، واتە لەرووی زانیارییەکانی تایبەت بە ناشتنی مردووەوە زانیارییەکی زۆریان هەبوو، لەهەمان کاتدا شارەزاییان هەبێت دەربارەی کاتی پەتای کۆڕۆنا کە چۆن ئەم مەراسیمە بەڕێوەچووە.

٤- چاوپێکەوتنەکان بە ریکۆردەر تۆمارکراون، کە دواتر توێژەر هەریەکەیانی بە جیا یاداشت و پاشان پاکنووس کردووە.

لەگەڵ چاوپێکەوتنەکاندا تێبینی بە بەشداریی بەکارهاتووە، کە یەکێک لە توێژەران خۆی لەو مەراسیمانەی ناشتنی مردوودا بەشداریکردووە و تێبینییەکانی خۆی تۆمارکردوون.

زۆربەی ئاراستەکانی ئیتنۆگرافیا ناوبانگیان دەرکردووە بە بەکارهێنانی تێبینی بە بەشداریکردن (الملاحظة بالمشاركة- Participant observation) وەک بەشێک لە توێژینەوەی مەیدانی(القصاص، ٢٠١٤: ٢٣٠)، یان زانایان بە شێوازێکی سەرەکی لە توێژینەوەی ئیتنۆگرافی دائەنێن (سکوت و مارشال، ٢٠١١: ٥٨). لەم جۆرەیاندا لێرەدا توێژەر رۆڵێکی ئیجابیی و کاریگەر ئەبینێت ، بەو مانایەی توێژەر خۆی رۆڵ ئەبینێت و بەشداریی تاکەکانی توێژینەوەکەی ئەکات(عبیدات و مبیضین، ١٩٩٩: ٧٤)، هەروەها پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتیی لەگەڵ ئەو رووداوە کۆملایەتییەدا بەشداریی بکات و، لەگەڵی بژیی و، ببێت بە ئەندامێک لەو کۆمەڵەیەی تێبینیان ئەکات(الصیرفي، ٢٠٠٨: ١٨٤). هەروەها پەیوەندیی پتەو لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی درووست ئەکات و بەشداریی لە زۆربەی چالاکییەکانی ژیانی رۆژانەی ئەو تاکانە ئەکات(فرانکفۆرت و-ناشمیاز، ٢٠٠٤: ٢٨٠-٢٨٢). هەروەها ئەوەی گرنگە بزانرێت

کاتێک ئەوترێت تێبینی بە بەشداریی، ئەم بابەتە تەنها پەیوەست نییە بە تێبینی بینین (الملاحظة البصرية) بەڵکو تێبینی بیستنیش (الملاحظة السمعية) ئەگرێتەوە(کوبان، ٢٠٠٧: ٥٩)، تێبینیکردن بە بەشدارییکردن، ئەمەش لەرێگای ئامادەهەبوونی توێژەر لە مەراسیمی مردووشتنو کفنکردن و گۆڕهەڵکەندن؛ لە هەمان کاتدا تێبینیکردنی شێوازی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە، هەروەها سەرنجدان و تۆمارکردنی وردەکاریی، مانا و ئاماژەکانی مەراسیمی ناشتنی مردوو.

سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکە، (١٠) کەسی تایبەتمەند بە مەراسیمی ناشتنی مردوو نموونەی هەڵبژێرراوی ئەم توێژینەوەیە. لەو ژمارەیەش، (٢) کەسیان مامۆستای ئایینیی بوون کە یەکیان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بوو لە خوێندنی ئیسلامیی، (٣) کەس وەکو مردووشۆر وەرگیراون کە (٢) کەسیان لە رەگەزی نێر و (١) کەسیان لە رەگەزی مێیە. هەروەها (٣) گۆڕهەڵکەن و، (٢)کەسی تر کە لە بەڕێوەبردن و بەڕێوەچوونی مەراسیمی پرسە (تازیە) شارەزایی باشیان هەیە و بۆ ماوەی زیاتر لە(١٥ بۆ ٣٣) ساڵ ئەم کارە ئەکەن.

## یەکەم: مردن وەک دیاردەیەکی بایۆلۆجیی و بابەتێکی ئیسکاتۆلۆجیی

بە مردن ژیانی دنیایی کۆتایی یەت و ژیانی کۆتایی دەست پێ ئەکات، ئەمەش بەو مانایە یەت کە مردن لە ژیان و لە دوای ئەم ژیانە هەبوونیان نییە، بەڵکو هەرچی هەیە بریتییە لە گوزەرکردن لە ژیانێکی سنوردار بە کات بۆ ژیانێکی بێ کۆتایی و بێ هەبوونی سنوورێک و کاتێکی دیاریکراو(الوائلي، ١٩٨٢: ٩٨)، مردن بە دیوێکی تردا بریتییە لە (ماڵئاواییکردن لە ژیان). مردن؛ ئەو نهێنییەی مێژوو بووە کە ئێستاش بێ وەڵام و بێ چارەسەرە"، بەڕادەیەک هەموو مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و تاکێک لە مێژوودا نەبووە ئەو دیاردەیە نەی هەژێنێت و لەگەڵ خۆی نەیبات"(ئەنوەر، ٢٤: ٢٠١٠). کەواتە مردن دیاردەیەکی سرووشتییە و جیابوونەوەی رۆحە لە جەستە، دواتر جەستە بەرەو لەناوچوون ئەچێت. ئەتوانین بڵێین مردن وەک هەنگاوێکی پەڕینەوەی جەستەیە لە جیهانی وایقعیی بۆ جیهانی بەرزەخ، ئەمەش راستیەکە و لە هەموو سەردەمێکدا هەر بەو شیوەیەیە. مردن لەلایەکەوە بابەتێکی بایۆلۆجییە، و لە لایەکی ترەوە ئیسکاتۆلۆجییە (Escathologie)ە. مەبەست لە ئیسکاتۆلۆجیی هەموو ئەو شتانەی کە دەرەوەی بابەتی مردنیان یاوە لە مەراسیمی بەخاکسپاردن و هێمای ئایینیی(ئەحمەد، ٢٠١٤: ٢٠).

لێرەدا ئەو شێوازەی مردووەکەی پێ بەڕێ ئەکرێ وەک جەستە بۆ ناو گۆڕ پێی دەوترێ مردووناشتن. ناشتنی مردوو دیاردەیەکی کۆمڵایەتییە، واتا؛ دوای مردن، بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵگە خاوەن مردوو چەند هەنگاوێک ئەکات بۆ ناشتنی مردووەکە، وەک:(ئامادەکردنی مردوو، شتنی مردوو، کفنکردنی مردوو، نوێژی جەنازەکردن لەسەر مردوو، بەخاکسپاردنی مردوو). بەڵام بەهۆی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا، مەراسیمی مردووناشتن گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات، هەرچەندە پاش هێوربوونەوەی دۆخەکە گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی.

## دووەم: پەتای کۆرۆنا وەک فاکتەرێکی کاریگەر بەسەر مەراسیمی مردووناشتن

لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا و بە درێژایی مێژوو، ئەو پەتایانەی کە مرۆڤەکان بەسەریاندا هاتووە گۆڕانکاریی لە ژیانیان درووست کردوە. پەتاکان ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان بە ماوەیەکی کورت لەناوبردووە و کاریگەری تریان لەسەر رزگاربووانیش جێهێشتووە. ئەم قەیرانانە کاریگەریی لەسەر رزگاربووان درووستکردووە

بەجۆرێک شێوازی ژیانی خەڵک و هەندێ لە بەها کۆمەڵایەتییەکانیانی گۆڕیوە و کۆمەڵێک حاڵەتی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی بۆ درووستکردوون کە نەوەکانی دواتریش پێیەوە گیرۆدە بوون. هەروەها هەندێک لەو خەڵکانەی کە لەڕووی جەستەییەوە لەو پەتایانە رزگاریان بووە ، ئەوا لەڕووی کۆمەڵایەتیی و دەروونییەوە تا مردن لەگەڵ رووداوەکاندا ژیاون. لەو پەتایانەی کۆمەڵگەی مرۆیی گیرۆدەیان بوون؛ تاعوون یان مردنی رەش لە مێژووی ئەورووپادا و سیل و ئەنفلەوەنزای ئیسپانیی، و لە سەردەمی ئێستادا پەتای کۆرۆنا، کە زۆربەی زۆری جیهانی گرتەوە و ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەهۆیەوە گیانیان لەدەستدا. پەتاکان نموونەی جەنگەکان شارەزاییەک بۆ خەڵکی جێ ئەهێڵێت کە گۆڕانکاریی ریشەدار لە شێوازی ژیانیان و کولتووریان درووست ئەکات، بەجۆرێک پەتاکە تەواو ئەبێت بەڵام لەدوای خۆی کۆمەڵێک مانا و هێما و بەها و بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی جیاواز لای تاکەکان جێ ئەهێڵێت.

ئاشکرایە کولتوروی کۆمەڵگە تۆمارێکی گرنگە بۆ شارەزایی و ئەزموونی خەڵک و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی دواتر، ئەوەش لەسەر شێوەی نەریت و بەها و نۆرمە کۆملایەتییەکان، لەگەڵیدا لەناو پەندی پێشینان و چیرۆک و ئەفسانەکاندا وێناکراون. تاک بۆ ئەوەی خۆی لە قەیران و پەتاکان رزگار بکات، زۆربەی کات ئەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی کولتووری کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو رەوشە بکات کە پەتا لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. لەمەوە پزیشکی میللی و گیاوەدەرمانی میللی دەرئەکەون. هەر کۆمەڵگە و گروپێک، کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە کە بەشێکی ناو کولتووری پەیوەستە بە چارەسەری میللیی و گیادەرمانی خۆماڵیی تایبەت بە کولتورێکی دیاریکراو. لەسەروبەندی پەتای کۆرۆنادا، زۆرێک لە کۆمەڵگەکان پشتیان بە گیادەرمان و چارەسەری میللیی بەست، بۆ نموونە لە کاتی کۆرۆنادا ٪٨٠ی خەڵکی چین پشتیان بە چارەسەری سرووشتی بەستووە (ریان، ٢٠٢٢، ٢٧).

لە کۆتاییدا ئەتوانرێت بوترێت کە پەتاکان ئەزموونی کۆمەڵایەتیی و کاریگەریی دوور مەودا درووست ئەکەن و رەنگدانەوەکانی بۆ چەندین ساڵ ئەمێننەوە، ئەشێ ئەو کاریگەرییانەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و شێوازی ژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەرمی قوربانیانی ئەو پەتایە گۆڕانی بەسەردا بێت. بۆ نموونە پەتای کۆرۆنا وایکرد چەندین هەڵسوکەوتی نوێ و بەهای کۆمەڵایەتیی و هێما و نەریتی نوێ درووست ببێت، کە شێوازی سڵاوکردن و تەوقەکردن کۆبوونەوە لە مەراسیمی مردوودا و، گردبوونەوە لە سەر گۆڕستان گۆڕانی بەسەردا هات. خەڵک لە جیاتی تەوقە و دەستلەملکردن و چوون بۆ پرسە، تەنها بە تەلەفۆنکردنێک یان ناردنی سەرەخۆشی بە نامەیەک رازی ئەبوون.

### سێیەم: داب و نەریتی ناشتنی مردوو:

مردن واتا ماڵئاوایی لەژیانی دنیا و سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی تر دوای مردن؛ بەشێوازێکی تر گواستنەوەیە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر. داب و نەریتی مردووناشتن لایەنی ئاینییەکەی ئەوەیە رێز و گەورەیی مرۆڤە لەلای خوای گەورە؛ بەڵام لایەنی کۆملایەتییەکەی رێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتریی، لە هەمان کاتدا پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو تاکەیە لەناو خەڵکیی دا.

تۆما بوا؛ وای بۆ ساغبۆتەوە کورد بەرانبەر مردن خۆڕاگرە و ئەزانێ چۆن بەرەو رووی ئەبێتەوە، ئەمەش

لەلایەکەوە لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی راستەوخۆدا لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیی بۆ دووپات بووەتەوە، لەلایەکی ترشەوە، لە میانەی ئەم وتانەوە کە ئەڵێت: (کاتێک لەگەڵ مردن بەرەوڕوو ئەبیتەوە دەستی خۆت بوەشێنە، چونکە لەناوبەری تۆ ئەوانەی بە جێیان ئەهێڵی لە کات زیاتر نییە)، هەروەها ئەڵێت: کورد مردنی ناو گۆڕەپانی شەڕی لە مردنی سەرجێگا لا باشترە، مردنیش لە پیری لا پەسەند ترە. سۆن؛ لەگەڵ هەڵوێستی کوردان بەرانبەر بەمردن، ورد بووەتەوە و بۆی دەرکەوتووە کە بە شێوەیەکی واقیعبینانە مردن قبوڵ ئەکەن، دووریش نییە لەبەر ئەوە بێ چونکە لەوە خراپتر و تاڵتریان بینیوە... واتە کوردەکان لە ژیانیاندا دووچاری گەلێک مەینەتی بوون، ئەمەش وای لێ کردوون بەشێوەیەکی ئاسایی و واقیعبینانە و بە سەرسوڕمانێکی کەمەوە پێشوازیی لە رووداوی بەئازار بکەن. باسیل نیکیتینیش؛ لەگەڵ رۆژهەڵاتناسەکانی تردا، کۆکە بەوەی کە کورد مردنی ناو گۆڕەپانی جەنگی لە مردنی سەرجێگای لا باشترە. بەگشتییش «باسیل نیکیتین» لەو باوەڕەدایە کوردان گرنگییەکی ئەوتۆ بە ژیان نایەن(سندی، ٢٠٠٨: ٣٩-٤٠).

داب و نەریتی ناشتنی مردوو؛ هەم ئایینییە و هەم کۆمەڵایەتییە کە زۆر زەحمەتە جیاوازیی بکەی لەناوانیاندا، واتا؛ هەندێک لە داب و نەریتەکان ئایینیین بۆ دیاریکردنی پێگەی مردووەکە و خانەوائەکەی، لە هەمان کاتدا پێگەی کۆمەڵایەتییان لەناو خەڵکیی دا دەرئەخات، ئەمەش کۆبوونەوەیان لەکاتی مردنەکەدا یەکێکە لە ئاماژەکان، هەروەها ژمارەی ئەوانەی ئامادە ئەبن لە مەراسیمی نوێژکردن لەسەر مردووەکە و بەخاکسپاردنی.

لە هەمان کاتدا هەواڵی مردنەکە بڵاو ئەکرێتەوە بۆ کۆکردنەوەی خزم و کەس و کارەکان؛ بەو پێیەی ئێستا تەلەفۆن و ئامرازەکانی تەکەنەلۆژیا پێشکەوتووە زووتر ئەتوانن هەواڵەکە بڵاوبکەنەوە؛ ئەم کۆبونەوەیەش خۆی لەخۆیدا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیە و پەیوەندییەکان لە ناوان تاکەکان بەهێز ئەکات؛ هەرچەندە ئێستا ئەم پەیوەندییە کاڵبوونەوەی بەخۆوە بینیوە؛ بەڵام لە هەندێک کات و ساتدا وا پێویست ئەکات، کە ئامادە ئەبن ئەمەش بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی دائەنرێت و؛ ئەگەر ئامادە نەبن ئەوا بە عەیبە بۆیان دائەنرێت؛ لەلایەکی ترەوە کاتێ هەواڵی مردنی یەکێک رائەگەیەنرێت، تەنها ئەوترێت فلانەکەس ئەمری خوای کردووە، بەبێ ئەوەی بانگێشت بکرێت؛ لەلایەکی ترەوە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ ناکرێت و؛ چونکە هەواڵێکی لەناکاوە.

هەر لەو کاتەی کەسێک ئەمرێت، نزا و پاڕانەوە بۆ مردووەکە دەست پێ ئەکات، بەڵام جاری وایە خزم و دۆستی ئەو کەسانەی کە مردووە، هاوار و شین ئەگێڕن، کە ئەمە درووست نییە؛ شتێکی ئاساییە مرۆڤ بگری، بەڵام گریانێک بە بێ هاوارکردن یان لە خۆدان و شیوەنگێڕان کە ئەمانە هیچیان درووست نین و لە ئاییندا حەرامکراون؛ هەروەها لەپێشا ئەبوو شیوەن و گریانێکی زۆر دەستی پێ بکرادیە؛ چونکە ئەگەر وا نەبوایە ئەوا خەڵکی لۆمەیان ئەکرد و ئەیان وت، ئەوانە ئەو کەسە نازدارانەیان لەدەستداوە و بۆی ناگرین یاخود ئەیان وت شیینی بۆ ناکەن، ئێستا وا نییە زۆر بە کەمیی شییوەنگێڕان ماوە، بەڵام لەلای هەندێک بنەماڵە تائێستاش ماوە، گریان ئاساییە و هیچ قسەیەکی لەسەر نییە. ئەو گریانە درووستە کە لە دڵەوە دەریەت و لەسەرخۆیە و مرۆڤ نەتوانێت فرمێسکەکانی رابگرێت، بەڵام لە لایەنی کۆمەڵایەتییەکەیدا خەڵکی هاوار و گریان دەست پێ ئەکات، ئەگەر وا نەکەن ئەوا ئەڵێن ئەوانە مردووەکەیان خۆشناوێت.

ئینجا؛ گریـان و شـیینی بـۆ ئەکـەن بـە دەنگـی بـەرز هـاوار و گریـان پەیـدا ئەبـێ، کەسـوکاری مردووەکـە لـە جێـگای ماڵەکـە دائەنیشـن و ژنێکـی دەنگخـۆش بانـگ ئەکـەن کـە بـۆ مردووەکـە بلاوێنێتـەوە (لاوکـو و سـوارۆ بلـی)، بەمـەش خەڵکەکـە ئەخاتـە گریـان. ئیـتر هەرچـی گەنجـە ئەچـن گـۆڕ بـۆ مردووەکـە هەڵئەکەنـن، مردووشـۆرەکە ئاوگـەرم ئـەکات و مردووەکـە ئەشـوات و کفنـی ئـەکات، ئەگـەر ژن بـێ, ئـەوا؛ بـە بـێ تابـووت نابێ و تابووتـی بـۆ درووسـت ئەکـەن و ئەیخەنـە تابووتەکـەوە و بـە کۆمـەڵ نوێـژی جەنـازەی بـۆ ئەکـەن و ئەیبەنـە گۆڕسـتان. بـەڵام لـە ئێسـتادا تابـووت بـۆ مـردووی ژن درووسـت ناکرێـت، بەڵکـو بـە شـێوازێکی ئاسـایی وەکـو مـردووی پیـاو مامەڵـەی لەگەڵـدا ئەکرێـت، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی پەتـای کۆرۆنـا ئـەم شـێوازە بـە تەواویـی گـۆڕانی بەسـەردا هـات؛ ئەبـوو جەنازەکـە نەهێنرێتـە ماڵـەوە هـەر لـە نەخۆشـخانەوە ببریـت بـۆ قەبرسـان بـە مەرجـێ ئەبـوو تیمـی تایبـەت لەگەڵیانـدا بێـت بـۆ ئـەوەی چاودێرییـان بکـەن، هەتاکـو بەپێـی ڕێنماییـەکان مردووەکـە بنێـژن، بـەڵام دوای پەتـای کۆرۆنـا دۆخەکـە بەرەبـەرە بـەرو شـێوازە کۆنەکـەی گـۆڕانی بەسـەردا هـات.

گریـان شـتێکی ئاسـاییە مـرۆڤ بگریـی، بـەڵام گریانێـک بەبـێ هاوارکـردن یـان لەخـۆدان و شـیوەنگێڕان کـە ئەمانـە هیچیـان درووسـت نیـن و حەرامـن _لـە ئایینـی ئیسـلام_. ئـەو گریانـە درووسـتە کـە لـە دڵـەوە دەریـەت و لەسـەرخۆیە و مـرۆڤ نەتوانێـت فرمێسـکەکانی ڕابگرێـت. واتـە ڕەحـم و سـۆزێکە لـە مرۆڤـەوە بەرامبـەر ئـەو کەسـەی کـە ئەمرێـت(سـابق، ٢٠٠٧: ٢٣).

ئامادەکردنـی مـردوو بـۆ ناشـتن: لـە ڕابـردوودا کاتێـک مـرۆڤ ئەمـرد، چوار شـت لەسـەر زینـدووان فـەرز ئەبێت، بـەڵام بەشـێوەی فـەرزی کیفایـە «واتـە: حوکمەکەیـان ئەوەیـە کـە ئەگـەر کۆمەڵێـک موسـوڵمان پێـی هەڵسـان، ئـەوا؛ لەسـەر ئەوانـی تـر نامێنێـت و گوناهبـار نابـن، بـەڵام ئەگـەر کـەس بـەو کارانـە هەڵنەسـا، ئـەوا؛ تـەواوی خەڵکـی شـوێنەکە گوناهبـار ئەبن»(صابـر، ٢٠١٣: ٣١)، ئەوانیـش بریتیـن لـە: (شـتنی مـردوو، کفنکردنـی مـردوو، نوێژکـردن لەسـەر مـردوو و ناشـتنی مـردوو). بـەڵام لەسـەردەمی پەتـای کۆرۆنـادا هیـچ ئامادەکارییـەک نـە ئەکـرا بـۆ مردووناشـتن، چونکـە بـە بڕیـاری وەزارەتـی تەندروسـتیی و هەماهەنگـی وەزارەتـی ناوەخـۆ مـردووان لـە ڕێگـەی تیمێکـی دیاریکـراوەوە لـە شـوێنێکی دیرایکـراودا ئەنێـژران، زۆربـەی کات هەمـوو ئەندامانـی بنەماڵـە نەیـان ئەتوانـی ئامـادەی ناشـتنەکە بـن تەنهـا کەسێکی پلەیەکـی مردووەکـە ئامـادە ئەبـوو، بـەڵام دواتـر دۆخەکـە ئاسـایی بـووەوە.

## چوارەم: ئامادەکردنی  مردوو بۆ شتن:

دوای مردنـی کەسـێک یەکـەم هەنـگاو ئەبـێ چاوەکانـی و دەمـی دابخرێـت؛ یەکـەم: بـۆ ئـەوەی کاتـێ یەکێـک ئەمرێـت چاوەکانیـش بـە دوایـدا دەڕوات؛ دووهـەم: بـۆ ڕێـز و گەورەیـی مرۆڤەکانـە، واتـا؛ بـۆ ئـەوەی مردووەکـە دیمەنێکـی ترسـناک و سەرنجڕاکێشـی نەبێـت و ببێـت بـە  قسـەی سـەرزاری ئامائەبـوان، هەروەهـا داخسـتنی دەمـی بـۆ ئەوەیـە هەتاکـو هـەوا لـە زاری مردووەکـە نەچێتـە ژوورەوە و بئاوسـێ، ئەسـتور بێـت و دیمەنـی ناشریـن بێت.(بۆیـە بەگەرمـی دەمـی قەپـات بکرێـت باشـترە؛ چونکـە دواتـر ڕەق ئەبـێ و قەپـات نابـێ)؛ لـە ڕووە کۆمڵایەتییەکەشـی دەگوترێ چاوەکانـی و دەوی قەپـات بکرێـت، لەبەرئـەوەی کـە دەخرێتـە نـاو گـۆڕەوە خـۆڵ نەکەوێتـە نـاو چـاو و دەمییـەوە. بـە قسـەی ژنـان ئەڵێـن (چـاوی لـە دنیایـە)، ئینجـا دوایـی ڕەق ئەبێـت

و قەپات نابێت، بۆیە بە گەرمی کە لەشی مردەکە ساردنەبۆتەوە، قەپات ئەکرێت. ئەگەر مردووەکە بۆ ماوەیەک مایەوە؛ ئەوا باشتر وایە جووڵان و نەرمکردنەوەی جومگەکانی بۆ بکرێت "واتە دەست و قاچەکانی بجووڵێندرێت" بۆ ئەوەی ئەو لاشەیە لە جێگای خۆیدا رەق نەبێت؛ ئەمەش بۆئەوەی لە کاتی شتن دا ئاسان بێت؛ هەروەها دواتر ئەبێت جلەکانی لەبەر دابکەندرێت، بۆ ئەوەی هییچ حاڵەتێکی پیسی بە جلەکانی مردووەکەوە نەبینرێت؛ ئەمیش هەم بۆ گەورەیی و خۆشەویستی مرۆڤەکان ئەگەڕێتەوە؛ هەم تاکو لەناو خزم و کەس و کارەکانی بەباشی باسی بکەن. هەروەها لە شوێنێکی دیاریکراوی بەرز (باشتر وایە جەستە مردووەکە لەزەوییەوە دوور بێت بۆئەوەی زوو تێک نەچێت) درێژ ئەکرێت و بەپارچە قوماشێک یاخود بەتانی خاوێن دادەپۆشرێت، بەڵام ئاساییە پێش شتنی یان دوای شتن و کفنکردنی ئەکرێت دەموچاوی مردووەکە واڵابکریت و سەیر بکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە هەم ناسیا و خزم و دۆستان دڵنیا بنەوە لە مردنی کەسەکە و هەمیش بۆ ئەوەیە دوا ماڵئاوایی لە مردووەکەیان بکەن، ئەم کارەش ئەکرێت تاکو ئامادەکارییەکانی مردووەکە تەواو ئەبێت.

ئەگەر مردووەکە ژن بوو(١*)، ئەوا لەسەر تەختە دائەنرێت، لەبەرئەوەی لە زەویی ناتوانی بسمیلی بکەی و خاوێنی بکەیتەوە، ئاوی بۆ حازر ئەکرێت، ئەبێ ئاوەکە وەکو ئەوە بێت کە ئینسانی زیندووو خۆی پێ ئەشوات "شلەتێن تەنها ئاوەکە خاوێن بێ و شلەتێن بێ". لەبەرئەوەی مردووەکە ئاگای لێیە بۆیە ئەبێ پلەی گەرمیی ئاوەکە وەک ئەوەی بی کە ئینسانی زیندوو خۆی پێ ئەشوا. بەڵام ئەگەر مردووەکە پیاو بوو، ، ئەبرێتە مزگەوت بەهەمان شێوە لەسەر تەختە دائەنرێت، لە ئێستادا لە مزگەوتە تازەکان، گرنگیی زۆر بە شوێنی مردووشتن ئەدەن، تیایدا ژوورێکی تایبەت هەیە، هەروەها (٢) شوێنی (تاتە شۆر) مردووشتن هەیە، یەکیان مردووی لەسەر ئەشۆرێ و ئەوەی تریان (تاتە شۆری دووەم) مردووی لەسەر کفن ئەکرێت.

شایەنی ئاماژەیە لەسەردەمی پەتای کۆرۆنادا ئەو ئامادەکاریانەی بۆ مردووشتنئەکرا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییەوە، رێگایەکی تەندرووستیی و یاسایی گیرانەبەر سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەهۆی کۆرۆناوە ئەمرن، لە سەروبەندی پەتای کۆرۆنا، تەرمی کەسی بە کۆرۆنا مردوو هەر لە نەخۆشخانە لەلایەن کارمەندانی ئەو نەخۆشخانەیەوە ئەشۆرا و ئامادە ئەکرا. ئەم گۆڕانە لەناکاوەی مردووشتن، نیگەرانیی لای کەس و کاری مردووەکە درووست ئەکرد، چونکە هەم نەیان ئەتوانی بۆ دواجار مردووەکەیان ببینن هەم نیگەران بوون لەوەی کە کفنی سپی لەبەر ناکرێت، بۆیە لەلایەن مامۆستایان و کەسانی ئایینیەوە، فەتوا دەرکرا کە ئەم جۆرەی ئامادەکردنی مردوو شتێکی ئاساییە، چونکە ئامادەکردنی مردوو بە کۆرۆنا وەک چۆن لە پێش ئەم پەتایە جێبەجێ ئەکرا، ئەشێ زیانی زیاتری هەبێت بۆ زیندووان و وا بکات نەخۆشییەکە زیاتر بڵاوببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە خێزانەکان کێشەیان درووست ئەکرد و بە هەرشێوەیەک بوایە تەرمەکەیان لە نەخۆشخانە وەرئەگرتەوە بۆ ئەوەی وەک چۆن لە پێش کۆرۆنا ئامائەیان ئەکرد، هەروا بیکەن و ئەو مەراسیمە بەرز رابگرن، لەبەر ئەوەی لایان وابوو ئەمە کەمترین وەفادارییە کە بۆ کەسە مردووەکەیان هەیان بێت.

---

١ * لە شاری هەولێر ئەگەر ئافرەتێک بمرێت ئەوا لە ماڵەوە ئەیشۆن، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەڵێن ئافرەت عەورەتە و نابێ کەسی بیبینێ و کەسە نزیکەکان لەگەڵ مردوو شۆرەکە بیبینێ. کەواتە بەهێچ شێوەیەک نایبەتە مزگەوت بۆ شۆرین، تەنها بۆ نێژکردن لەسەر ئەبردرێتە مزگەوت.

بەڵام دوای کەم بوونەوەی پەتای کۆرۆنا؛ ئەوا هەندێک لە کەس و کاریی خاوەن مردووەکانی بە کۆرۆنا مردبوون هەوڵیان ئەدا مردووەکانیان لە گۆڕ دەرئەهێنا و ئەیان شت و دواتر کفنیان ئەکرد و دووبارە ئەیان خستەوە گۆڕ، چونکە نەیان ئەتوانی لە بیریان بکەن و خەمیان زۆر زیاتر بوو، لەبەرئەوەی نەیان توانیوە بیان شۆن و کفن یان بۆ بکەن و لەلایەکی ترەوە پرسەیان بۆ دابنێن. بۆیە ئەمە کەمترین شت بوو کە بۆ مردووەکەی خۆیان بیکەن.

کاتێ کەسێک ئەمرێت لە ئیسلامدا واجبە بشۆرێت؛ بۆ ئەم کارەش کەسی پسپۆڕ هەیە ئەبێ شارەزایی تەواوی هەبێت دەربارەی کارەکەی، ئەمەش بۆئەوەی بە خاوێنی بگوازێتەوە بۆ دنیای یەکجارەکی، بەڵام هەندێک شت هەیە سوننەتە ئەنجام بدرێت بۆ رێزلێنانە لە مردووەکە لەلایەن خواوە، لە هەمان کاتدا رێز و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتریی، بەدیوێکی تردا هەریەکە ئامانج و مەبەستێکی لە پشتەوەیە بۆ بەجێهێنانیی. ئەویش لە پیسایی خاوێن بکرێتەوە، هەروەها بە دەست پاڵەپەستۆ دەخرێتە سەر سگی بۆ ئەوەی هەرچی پاشەڕۆ هەیە لە سکیدا بێتە دەرەوە؛ ئەمەش بۆ ئەوەی کەسەکە بەجوانترین شێوە دەربکەوێت و تاکو خەڵکی بەباشی باسی بکەن. ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن ئەبێ شارەزایی تەواویان هەبێت، ئەمکارەش بەم شێوەیە دەست پێئەکات؛ سەرەتا جل و بەرگی مردووەکە دائەکەندرێت، ئینجا پارچە پەڕۆیەک ئەهێنین (ئاساییە ئەو پارچە پەڕۆیە لە کفنەکەش بێت) بۆ ئەوەی عەورەتی مردووەکەی پێ دابپۆشرێت، ناکرێت بە هییچ بیانوویەک سەیری عەورەتی مردووەکە بکرێت. دوایی ئامادەکردنی ئاو، بەڵام باشتر وایە ئاوەکە گەرم نەبێت، بەڵکو بەلای سارد دا بێت باشترە، بۆ ئەوەی مردووەکە بۆگەن نەکات، بەڵام ئەگەر وەرزەکە زۆر سارد بوو و بزانرێت ئەو ئاوە ساردە مردووەکە پاک ناکاتەوە، ئەکرێت ئاوەکەی بۆ گەرم بکرێت. هەر ئاوێک بێت گرنگ ئەوەیە جەنازەکە پاک بکاتەوە. باشتر وایە ئاو بگاتە هەموو لاشەی مردووەکە و هەموو لاشەی تەڕ بکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو کەسە بەپاک و خاوێنی بچێتە ماڵە نوێکەی، کە ئەویش گۆڕە. ئینجا دەست ئەکەین بە مردووشتنو، باشتر وایە بە سابوونێک بشۆرێت کە بۆنی خۆش بێت، ئینجا لە سەرەتادا تارەتی پێ هەڵئەگیرێ (پێش و پشتەوەی ئەشۆررێ «واتە عەورەتی»)، لەدواییدا زەخت لەسەر سکی ئەکەیت، بۆئەوەی هەرچی پیسایی لە هەناوی (سک) ی هەیە دەربێت، هەیە تاکو دڵنیا ئەبیت پاک بۆتەوە. ئینجا ئەو لفکەیە یان پارچەپەڕۆیەی کە بەکارت هێنا یان پاکی ئەکەیتەوە یان فڕێی ئەیەیت. (کە لە ئێستادا لە زۆربەی جاردا فڕێ ئەدرێت)، دوایی ئەگەر گونجا دەستنوێژی پێ هەڵئەگری. ئینجا بە «وتر» دەست ئەکەیت بە شتن «واتە بە تاک دەست پێ ئەکەیت» (٣) دەست یان (٥) یان (٧) دەست لەسەری ئەیەیت، بە پێی پاکو خاوێنی مردووەکە.

جاران تەنها بە سابوون (جۆرە سابوونێک، کە پێیان ئەوت سابوونی رەقیی) مردوو ئەشۆرا، بەڵام لە ئێستادا هەر سابوونێک بێ ئەبێت، تەنانەت لە ئێستادا چ پاکەرەوەیەک بەردەست بوو ئەوە بەکار ئەهێنین، (سابوون یان شامبۆ). ئەگەر سابوون بەکارهات ئەوا ورد ئەکرێت لە کیسەیەکی دائەنرێت (بە رننە و چەقۆ سابوونەکە ورد ئەکرێ)، مردووشۆر دەست ئەکات بەناو کیسە سابوونەکە و بە قووڵفێک لە خۆی دەبەستێ و قایمی ئەکات. ئینجا ئاوی پیا ئەکرێ و کەف ئەکات، سابوونەکە وەک خۆی بە لەشی مردووەکە داناهێنرێ. شتنەکەش بەم شێوەیە: سەری ئەجوڵێنێ و ئاوی لە دەمی وەر ئەکەیت و

دەم و چاوی ئەشۆی، وەک ئینسانی زیندووو مەسحی سەری ئەکەی، ئینجا ئاوی بسمیلی پیا ئەکەی، بە دۆلکە بێ یان بە مەسینە بێ، زۆر عالەم حەز ئەکەن و تەکلیف ئەکەن (٧) مەسینە ئاوی پیا بکرێت. گرنگ خاوێنی بکەیتەوە، لەم حاڵەتەدا مردووەکە دائەنیشێنی هەتا ئاوەکە هەموو لایەکی بگرێتەوە. دوایی دەست ئەکەیت بە شتنی سەری بە تەواویی (بە مەرجێک دەم و لووتی ئەگریت، بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە ناو لەشییەوە)، نەوەکو گاریگەریی لەسەر جەستەی مردووەکە هەبێت و دووبارە پیسی بکاتەوە، ئینجا دەست ئەکەرێ بە شتنی لای راستی مردووەکە بەلای پێشەوە و پشتەوە، ئینجا لای چەپی مردووەکە. (١ واجبە و ٣ سوننەتە). ئینجا لێرەدا ئەگەر پێشتر دەستنوێژی پێ هەڵنەگیرابێت، ئەوا دەستنوێژی پێ هەڵئەگیرێ. لای هەندێک مردووشۆری ژن، ئەوا لەکاتی شتنی مردووەکە، مردووشۆر سەلاوات لێ ئەدات، کۆمەڵێک دوعا ئەکات وەکو: (خوایە لێی خۆشبە...).

لە کۆتاییدا ئەکرێ کەسە نزیکەکانی مردووەکە ئەو کارە بکەن، مەبەست لە نزیکترین کەسیش لە مردووەکە»باوک، برا، کوڕ، ژن. ئەگەر ئافرەت بوو دایک، خوشک، کچ، مێرد» هەروەها ئەکرێت پیاو خێزانەکەی خۆی بشوات و بەپێچەوانەشەوە خێزان ئەتوانێت پیاوەکەی بشوات.

هەندێ کات مردوو ناشورێت و کفن ناکرێت؛ کاتێ شەهید ئەبێت و لە مەیدانی جەنگدا؛ هەر بەجل و بەرگی خۆیەوە ئەنێژرێت(سابق، ٢٠٠٧: ٢٩-٣٠)، هەروەها کاتێک مردووەکە بە رووداوێک ئەمرێت کە جەستەی شێواوە یاخود جەنازەکە پارچەپارچە بووە ناتوانن بیشۆن. لەم کاتانەدا ئەتوانن ئەم کارانەی بۆ نەکەن، بەڵام بە هییچ شێوەیەک و بە هییچ بیانوویەک نابێت عەورەتی «پێشی و پشتی» ئەو جەنازەیە دیار بکرێت، هەروەها پێویستە جەنازەکە ناوان «چۆکی و ناوکی» داپۆشرابێت. تەنانەت ئەو کەسەی کە ئەیشوات شتێک لە دەستی خۆی ەکات وەک پەنجەوانە یان پارچە پەڕۆیەک» بۆ ئەوەی دەستی بەر عەورەتی مردووەکە نەکەوێت، هەروەها هەرشتێک لەو جەنازەیە ببینێت، ئەگەر خێر بوو ئەکرێت بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی خراپ یان نادرووستی بینیی «وەکو رەشبوون و شیینبوونەوە یان هەر دۆخێکی تر» پێویست ناکات لە دواییدا باسی بکات و بیگێڕێتەوە. ئەوکەسەی ئەم کارە ئەکات ئەبێت چەند مەرجێکی تیا بێت، ئەوانیش بریتین لە: مرۆڤێکی باش و ناسراو بێت لەناو کۆمەڵگەدا؛ شێوازی مردووشتنبزانێت؛ کەسێک بێت عەیبداپۆشەر بێت و کەسوکاری مردووەکە متمانەی پێ بکەن.. بۆ ئەمکارەش ئەگەر بڕە پارەیەک بەرامبەر بە شتنی مردووەکە وەربگیرێت ئاساییە، بەڵام نابێت هەلپەرستیی تیا بکرێت، هەروەها ئەگەر خۆبەخشانە بیکات (ئەوترێ) خێر و پاداشتی زیاتر ئەگاتێ و لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوەش رێز و سەنگی بۆ دائەنرێت لەبەرامبەر بەجێهێنانیی ئەم کارەی کە ئەیکات. پرۆسەی شتن و کفنکردن ئەبێ لەیەک شوێندا بکرێت. جا چیی لەماڵی خاوەن مردووەکە بێت یاخود لەمزگەوت بێت؛ بەپێی هەبوونی رێوشوێنی گونجاو بۆ ئەم کارە. لە هەمان کاتدا بە پێی رای بنەماڵەکەش ئەگۆڕێت کە ئەیانەوێت لەکوێدا ئەم کارە بۆ مردووەکەیان بەجێ بهێنرێت.

## پێنجەم: پرۆسەی کفنکردن

کفنکردن بەفەرز دائەنرێت لە ئیسلام دا؛ ئەمەش بۆ داپۆشینی وەفات کردووەکەیە و خەڵکی بە شێوازیکی ناشایستە نەیبینن، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی مرۆڤەکان لەلای خوا، هەروەها رێز و

خۆشەویستیی مرۆڤەکانە بۆ یەکتریی کاتێ ئەم کارە ئەکەن.

قوماشی کفنەکە؛ ئەکرێت مرۆڤ لە جلوبەرگی خۆی کفن بکرێت، ئاساییە هەر جۆرە قوماشێک بێت، هەر جۆرە رەنگێک بێت ئاساییە، بەڵام ئەوەی لە فەرموودەدا هاتووە سونەتە لە قوماشی رەنگ سپی بێت. یاخود ئەکرێت یەکێک لەو پارچە قوماشانەی کە مردووەکەی پێ کفن ئەکرێت خەت خەت بێت یان رەنگاورەنگ بێت. هەندێجار کەسەکان بەر لە مردنیان کفن بۆخۆیان ئەکڕن و لەماڵەوە دایئەنێن و، وەسیەت ئەکەن دوای مردنیان ئەوەی بۆ بکەن بەکفن. کفن لە (١٢-١٥) مەتر پێک یەت؛ بەڵام هەندێ کەس هەیە هەژارن؛ لەدوای مردنیان کەسێک ئەم ئامادەکارییانەیان بۆ ئەکەن، کاتی واش هەیە کاتەکە ناوەختە و بازاڕ نییە بۆ کڕینی کفن؛ بەڵام ئەبینین لە مزگەوتەکان بەزۆری خەڵکی کفن بۆ خێری خۆیان دائەنێن ، جا هەندێ بنەماڵە هەیە لەدوای تەواو هەبوونی مەراسیمەکە ئەچن کفن ئەکڕن و لە شوێنی کفنەکەی بەکاریان هێناوە دای ئەنێنەوە.

شێوازی کفنکردنەکە بۆ پیاو لە (٣) پارچە قوماش پێک یەت، واتە پارچە کفنەکان لەسەر یەکتریی دائەنرێن لەسەر ئەو (تاتەیەی) کە مردووەکەی لەسەر کفن ئەکرێت. لە سەرەتادا لای چەپ بەسەر مردووەکەدا ئەدرێت، پاشان لای راستی پارچەی یەکەم، لە دواییدا لای سەر و لای قاچەکانی هەرپارچەیەک لوول ئەدرێت بۆ ژێر سەر یان بۆ ژێر قاچەکانی مردووەکە، نابێت بە هیچ شێوەیەک مردووەکە هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێ بکرێت. ئینجا پارچەکانی ترش بەو شێوەیە، تا لە کۆتاییدا پارچەی لای راست ئەکەوێتە سەر پارچەی لای چەپ. بۆ پیاو ئەکرێت (٢) پارچەی تر زیاد بکرێت، یەکیان پێی ئەوترێت (عەمامە) لەسەری ئەبەسترێت، پارچەکی ترشیان وەکو کراس لەبەری ئەکرێت «واتە پارچە کفنەکە دوو قەد ئەکرێت و لە ناوەڕاستیدا کونێکی تێ ئەکرێت و لەبەری مردووەکە ئەکرێت، تا لای ئەژنۆکانی دائەپۆشێت». بەڵام بۆ ئافرەتان دوو شێوازی هەیە لە (٣) پارچە و (٥) پارچە قوماش پێک یەت، چاکتر وایە (٥) پارچە بێت، کە (٣) پارچە قوماشیان رائەخرێت و دووانەکەی تر یەکیان بۆی ئەکرێتە کراس و ئەوەی تریان بۆی ئەکرێتە چەفیە و سەر و سنگیشی پێ دائەپۆشرێت. ئینجا لای سەر و لای قاچەکانی ئەبەسترێ، هەندێکجار لای ناوقەدی (لای ناوک)ی ئەبەسترێت، جارجارەش لای چۆکەکانی ئەبەسترێت بۆ ئەوەی جووڵە نەکات و کفنەکەی شل نەبێتەوە و بە توندوتۆڵی بمێنێتەوە. لەدواییدا عەتر و گوڵاو لە مردووەکە ئەدرێت، ئەگەر عەتری زەعفەران (سونەتە) هەبوو لە لاشەی مردووەکە ئەدرێت. هەنووکە هەر بۆنێک هەبێت بەکارئەهێندرێت، بۆ ئەوەی مردووەکە بۆنی ناخۆشی لێ نەیەت تا بەخاک ئەسپێررێت.

لای مردووشۆری ژن، چاو و دەستەکانی مردوو ئەبەستن، واتە؛ دەستی راست لەسەر دەستی چەپ دائەنرێت وەکو نوێژکردن و بەپارچە پەڕۆیەک ئەبەسترێت بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵگرتن نەکرێتەوە و بەئاسانی بتوانرێت هەڵبگیرێت. کفن ئەبێ دوو پارچە بێ؛ یەکێکیان بۆی ئەکرێت بە کراس کە پێی ئەوترێت(کراسی قیامەت)، ئەوی تریان دواتر پێی ئەبەسترێت تاکو بە باشی بپێچرێت و عەورەتی دیار نەبێت.

لێرەدا ئەبینین پارچەکانی کفنی مردوویەک کە ئافرەتە زیاترە لە پارچەکەنی کفنی مردوویەک کە پیاوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ رێزلێنان و گەورەیی پێگەی ئافرەت لەلایەن خواوە، هەروەها جێبەجێکردنی لەلایەن کەسەکانیەوە بۆ گەورەیی پێگەی مردووەکەیە لەلایان؛ تاکو عەورەتی دەرنەکەوێ، بۆیە پارچەیەکی

لەشێوەی کراس بە بەریا ئەکرێت. سەبارەت بە جۆری ئەو قوماشەی کفنی لێ درووست ئەکرێت؛ ئێستا دوو نەوع خام هەیە، هەیە دوورینی ناوێ (کە بەری پانە) هەیە ئەبێ بی دووری لەبەرئەوەی بەری تەسکە، لەبەرئەوەی مردووەکە دووجار بەو خامە ئەپێچرێ، بۆیە ئەبێ بەرەکەی پان بێ.

هەروەها لێرەدا ئەبێ کەسی شارەزا ئەم کارە بکات، چونکە هەموو کەسێک ئەم کارە نازانێت؛ یاخود هەر خۆیان لە قەرەی ئەم کارە نادەن. دوای تەواوکردنی کفنکردنەکە کەسوکارە نزیکەکانی مردووەکە ئەتوانن بۆ دواجار سەیری مردووەکە بکەن و ماڵئاوایی لێ بکەن، ئەمەش ئەبێت تەنها دەمووچاوی مردووەکە بکرێتەوە، ئینجا؛ کەسە نزیکەکانی یەکە یەکە سەیری ئەکەن و ماچی ئەکەن؛ ئەمەش دوایین ماڵئاوایی کردنە لەمردووەکە. لێرەدا ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم مەراسیمە دەست پێ ئەکات؛ هەندێک بردنی مردووەکە بۆ گۆڕستان دوا ئەخات بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێکی نزیکی نەهاتبوو ماڵئاوایی بکات، چاوەڕوانی بن تاوەکو ئەگاتە سەر مردووەکە. لە هەمان کاتدا هەموو خزم و کەسوکارەکان کۆئەبنەوە ، هەندێجار لەناو ئەندامانی ئەو خێزانی خاوەن مردووە، ناخۆشی روویداوە؛ ئیتر بەهۆی ئەم کۆبوونەوەیە ئاشت ئەبنەوە و بە هەموویان هەوڵئەیەن کارەکان بەزووترین کات بەڕێوە ببەن؛ ئەمەش پێویستی بە هاریکاریی و هەماهەنگیی هەیە لەناوانیاندا. دواتر خۆیان ئامادە ئەکەن و بەرەو مزگەوت بەڕێ ئەکەون(ئەگەر جەنازەکە لەماڵەوە شۆرا و کفنکرا بوو).

بەڵام لە سەروبەندی پەتای کۆرۆنادا، بە شێوەیەکی یاسایی و لەبەر ڕۆشنایی رێنماییە تەندرووستییەکاندا، ئەم کۆبوونەوەیە کۆتایی پێهێنرا و تەنانەت مردوو هەر بەجلی خۆیی و جلێکی تایبەت بە نەخۆشخانە بە خاک ئەسپێردرا، هەروەها بە هیچ شێوەیەک رێگە نەئەدرا کە کۆبوونەوەی خزمان بکرێت، بەڵکو هەر لە نەخۆشخانەوە یەکسەر تەرمی مردووەکە بۆ گۆڕستان بەڕێ ئەکرا، واتە بە هەموو شێوەیەک کەسە نزیکەکانی مردووەکە نەیان ئەتوانی نە سەیری بکەن نە ماچی بکەن و تەنها ماڵئاوایی لێ بکەن، هەروەها بەب ێ دواخستن و بە ئامادەبوونی کەسانی نزیکی دووراو دوور بەرەو گۆڕستان بەڕێ ئەکرا و هەر ئەو ستافەش لە گۆڕیان ئەنا نەک کەسە نزیکەکانی مردووەکە. بەڵام دوای پەتای کۆرۆنا ئەم شێوازە تا ڕادەیەک بارەکە ئاسایی بووەوە، مردووەکە ئەشۆرا و کفن ئەکرا، دواتر کەس و کاری مردووەکە هەموویان کۆئەبوونەوە و بەشداریی ناشتنییان ئەکرد، دوای تەواو بونی ناشتنەکە هەرکەس ئەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، ئیتر بەرە بەر دۆخەکە بەرەو ئاساییبوونەوە چوو، ئێستا وەکو پێش کۆرۆنای لێ هاتۆتەوە بەڵام هەندێک گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆی هێناوە.

## شەشەم: نوێژکردن لەسەر مردوو

نوێژکردن لەسەر مردوو؛ فەرزە لەهەموو مەزهەبەکانی ئیسلامدا، سەبارەت بە پیاو و ئافرەت هیچ جیاوازییەک نییە، هەروەها مەرج نییە لە مزگەوت نوێژ لەسەر مردوو بکرێت، ئەشێ تاوەکو جەنازەکە ئەبرێت بۆ گۆڕستان، ئاساییە کە نوێژی لەسەر بکرێت یان پاش ئەوەی کە مردووەکە شارایەوە ئەکرێت نوێژی لەسەر بکرێت. بەڵام باشتر وایە بەر لە شاردنەوە نوێژی لەسەر بکرێت، بەمەرجێک دوای شتنی بێت.

لـە هەمـان كاتـدا ئاسایيە لەكاتـی نوێژكـردن لەسـەر مـردوو پیاوەكان لـە ریزەكانـی پێشـەوە بوەسـتن و ئافرەتەكانیـش لـە دواوەیـان بوەسـتن و نوێژەكـە بكـەن. ئینجا ئـەم نوێژكردنـە لەماڵـەوە بێت یاخـود لـە مزگـەوت یـا لـە هەرشـوێنێكی دیاریكراو بێـت ئەكرێـت نوێـژ لەسـەر مـردوو بكرێـت. ئەتوانیـن بڵێیـن جیاوازیـی نـاوان شـەهید و كەسـی ئاسـایی ئەوەیـە، كـە ئـەو كەسـەی شـەهید ئەبێـت بەمەرجێـك لـە جەنگـدا شـەهید بووبێـت، ئـەوا نوێـژی لەسـەر ناكرێـت.

لەشـاری هەولێـر ژنـان لەگـەڵ جەنازەكـە ناچـن بـۆ نـاو مزگـەوت تاكو نوێـژی لەسـەر بكـەن؛ ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی ژنـان سـۆز و عاتیفەیـان زیاتـرە و نەبـووە بـە نەریتێكیـش كـە ئـەم كارە ئەكـەن.

نوێـژی مـردوو جیاوازیـی هەیـە لەگـەڵ نوێـژی ئاسـایی؛ بـۆ بەجێهێنانیـی ئـەم نوێـژە ئەبـێ نوێژخوێنـان هـەر بەپێـوە بـن. لـەم نوێـژەدا جەنازەكـە ئەبـێ لەسـەر پشـت درێـژ بكرێـت؛ ئەوانـەی نوێـژ ئەكـەن لـەدوای جەنازەكـەوە ئەوەسـتن و روو لـە قیبلـە ئەبـن، یەكێـك پێشـنوێژیی ئـەكات و نیـەت ئەهێنـێ، نوێژەكـەش چـوار تەكبیـرە (اللـە اكـبر) بـەم شـێوەیەیە، (اللـە اكـبر) ئەكرێـت، لـە دواییـدا سـورەتی (فاتیحـە) ئەخوێنرێـت، ئینجـا (اللـە اكـبر)ی دووەم سـەڵەوات لەسـەر پێغەمبـەر (سـەڵات و سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) ئەدرێـت، لەپـاش (اللـە اكـبر)ی سـێیەم، پێـش نوێـژ و نوێژخوێنـان بـۆ مردووەكـە نـزا ئەكـەن، لـە چـوارەم (اللـە اكـبر)دا ئەبێـت پێـش نوێژەكـە كەمێـك بێدەنـگ بێـت، پاشـان سـەلام بداتـەوە بـەلای راسـت دا(صابـر، ٢٠١٣: ٣٨-٣٩).

خـاوەن مـردوو هەمیشـە پێیـان خۆشـە زۆرتریـن كـەس لـە نوێـژی مردووەكەیانـدا ئامـادە بـن و نوێـژی لەسـەر بكـەن، بۆیـە لای هەندێـك بنەماڵـە جەنازەكـە دوا ئەخرێـت بـەو هیوایـەی خەڵكێكـی زۆرتـر كۆببنـەوە و نوێـژی لەسـەر بكەن(لەبـەر ئـەوەی بـۆ مردووەكـە خێـری زیاتـرە). پـاش نوێژكـردن لای هەندێـك بنەماڵـە جەنازەكـە ئەهێنرێتـە ماڵـەوە (ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە دوا ماڵئاوایـی لـە مردووەكەیـان بكـەن و بـۆ دوایيـن جـار كەسـە نزیكەكانـی سـەلامی لـێ بكـەن). لای هەندێكـی تـرش؛ جەنازەكـە ناهێنرێتـە ماڵـەوە، بەڵكـو راستەوخۆ بـۆ گۆڕسـتان ئەبرێـت، كەچیـی لای هەندێكـی تـر لـە ماڵـەوە؛ كاتێـك جەنازەكـە لـە مزگـەوت هێنرایـەوە ماڵـەوە، لـەلای هەندێـك خێـزان جەنازەكـە بەنـاو هەمـوو ژوورەكانـدا ئەگێـڕن، دواتـر یـا لەحەوشـی ماڵـی خـاوەن مردووەكـە یـان لەبـەر دەرگای ماڵـە؛ سـێ جـار یـا حـەوت جـار بـەرز ئەكرێتـەوە و ئەهێنرێتـە خـوارەوە، لـەم سـەروبەندەدا سـەڵەوات لـێ ئەدرێـت؛ بـەڵام لای هەمـوو خێزانەكانـی نـاو شـاری هەولێـر مـەرج نییـە مـردوو بەنـاو ماڵـدا بگێڕرێـت، لای هەندێكیـان تەنهـا بـەرز ئەكرێتـەوە، كـە ئەمـە هیـچ بنەمایەكـی لـە ئاییندا نییـە، بەڵكـو نەریتێكـی كۆمەڵایەتییـە و لـە رابـردوودا بـە زۆریـی پەیـڕەوی لێكـراوە بـەڵام هەنووكـە لـەلای هەندێـك لـە خیزانـەكان ئـەم حاڵەتـە مومارەسـە ئەكرێـت؛ ئەمـەش وەكـو نەریتێـك ئاماژەیەكـە بـۆ ئـەوەی مردووەكـە چـاوی لـەو ماڵـە نەبێـت كـە بەجێـی هێشـتووە.

بـەڵام بەهـۆی هەبوونـی پەتـای كۆرۆنـا، ئـەم فـەرز و نەریتـەش گۆڕانـی بـە سـەردا هـات. لـە سـەروبەندی پەتـای كۆرۆنـا لـە گۆڕسـتان و دوای شـتنی مردووەكـە نوێـژی مـردووی لەسـەر ئەكرێـت، ئەوانیـش تەنهـا كەسـێك یـان دوو كەسـی نزیكـی مردووەكـە لەگـەڵ مامۆسـتایەكی ئایینیـی و ئەوانـەی بـە ئەركـی بـە خاكسـپاردنی مردووەكـە هەڵئەسـتن، واتـە لـە بـڕی ئـەوەی تەرمەكـە بهێنرێتـە مزگـەوت و كەسـوكاری و ناسـیاوی خەڵكـی تـر كۆببنـەوە بـۆ بەجێهێنانیـی نوێـژی مـردوو. هەروەهـا لای هەندێـك كـەس كـە شـارەزایی هەبـووە، ئـەوا نوێژی(مـردوو)ی لەسـەر

ئەکرد، واتە هەر لە ماڵەوە بۆ خۆی و خێزانەکەی نوێژیان لەسەر ئەکرد و نزایان بۆ مردووەکەیان کە بە پەتای کۆرۆنا مردبوو، ئەکرد. بەڵام ئێستا دوای ئاسایی بونەوەی ڕەوشەکە، وەکو پێشتر نوێژ لەسەر مردوو ئەکرێت لە مزگەوتدا دواتر ئەیهێننەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی کەس و کارەکەی بۆ دواجار خواحافیزی لێ بکەن و بەرێزەوە بە ڕێی بکەن بۆ گۆڕستان، بەم پێیە دوای هێوربوونەوەی پەتاکە زۆربەی خاوەن مردوەکان کە لەو ماوەیە و بە پەتای کۆرۆنا، ئەوا جەنازەکانیان دەرئەهێنایەوە و ئەیان شوشت و نوێژییان لەسەر ئەکەن و ئەینێژنەوە.

## حەوتەم: بەڕێوەچوونی مردووناشتن:

بەهەمان شێوە؛ مردووناشتن فەرزە لەلای هەموو مەزهەبەکانی ئیسلام، باشتر وایە بە زووترین کات مردووەکە بنێژرێت، چونکە چەندە زوو ئەم کارە بکرێت مردووەکە لە تێکچوون ئەپارێزرێت (تاوەکو جەستەی مردووەکە نەئاوسێت و بۆن نەگرێت). ئەو شوێنەی مردووی تیا ئەنێژرێت دیاریکراوە؛ نابێ هەرکەسە و لە شوێنێکدا ئارەزوی لێیە و نەشیاوە بۆ مردووناشتن، مردووەکەی بنێژێ، چونکە شارەوانی ڕێگە بەم کارە نادات. ئێستا حکومەت لە هەوڵی ئەوەدایە گۆڕستان بەرێتە دەرەوەی شار، جگە لەو گۆڕستانانەی لەناو شار ماونەتەوە و شورای بۆ کردوون. هەروەها هەوڵئەدات دوای ئەوەی بنەماڵەیەک کەسێکیان لێ ئەمرێت، ئەوا ئەگەر شوێنی تایبەت بەخۆیان نەبوو بۆ شاردنەوەی مردووەکە؛ پارچە زەوییەکیان بۆ تەرخان ئەکات بۆ ئەوەی مردووەکەی لێ بنێژێت. هەندێ کەس هەن هەر گۆڕستانەکەیان بەناوی عەشیرەتەکەیانەوەیە، ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ عەشیرەتخوازیی.

لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنادا و بڕیاری قەدەغەی هاتووچۆ و ڕێنماییەکانی تایبەت بە مەراسیمەکان و مردووناشتن و دانانی پرسە، ئەوا لەلایەن دام و دەستگا حوکومیەکانەوە لە سەرەتادا گۆڕستانی تایبەت بە مردووانی کۆرۆنا لە هەندێک شوێن دەستنیشانکرا، تاوەکو لە مردووانی تر: گۆڕەکانیشیان جیا بکرینەوە، بەجۆرێک لە هەولێریش دوو گۆڕستان ئامادەکرابوون بۆ ئەو مەبەستە وەک گۆڕستانی (کەسنەزان)و (مەعمەل قیر)، بەڵام دواتر ڕێنمایی تایبەتکردنی گۆڕستان بۆ مردووانی کۆرۆنا لە هەولێر جێبەجێ نەکرا، دوای ئاسایی بوونەوەی ڕەوشەکە و شارەزایی لەسەر ئەم پەتایە، ئەوا ڕێگە ئەدرا کە مردووەکە لە گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان بنێژرێن، بەڵام بە هەمان ڕێوشوێنەکانی پێشووتر. هەروەها بە پێی بەدواداچوونی توێژەر دەرکەوتووە هەر لە دوای هێوربوونەوەی ڕەوشەکە چەند حاڵەتێک هەبووە کە کەسوکاری مردووی کۆرۆنا مردووەکانیان دەرهێناوەتەوە و دووبارە وەک چۆن خۆیان ئەیانەوێت وەک چۆن پێشتر ئامادەکاریی بۆ شتن و کفنکردنی مردوو ئەکرا، ئێستاش بەهەمان شێوە ئەیانشۆنەوە و کفنیان ئەکەنەوە.

باشتر وایە هەر خێزانێک پارچە زەوییەکی خۆیان هەبێت و مردووەکانی خۆیانیان لێ بنێژن، بۆئەوەی کاتێک سەردانی گۆڕستان ئەکەن ئاسان بێت بۆیان و تووشی هیلاکەتی و ماندووبوون نەبن، هەروەها سەردانی هەموو مردووەکانیان بکەن(هەر دانیشتوانی شاری هەولێر ئەمەیان زۆر لاپەسەندە). ئەو کەسانەی ئەم کارەئەکەن (ئامادەکردنی گۆڕێک بۆ مردووەکە) کەسە نزیکەکانی مردووەکەن؛ لە هەمان کاتدا ئێستا هەندێ کەس بۆ خێری خۆیان بەبێ بەرامبەر، بە هەموو کارەکانی ئەم مەراسیمە ئەکەن، ئەکرێت

کەسێک لەبەرامبەردا بڕێک پارە وەربگرێت، بەڵام وانەبێت هەلپەرستیی بکات؛ هەنووکە؛ تێچوونی قەبرلێدان بەپارە گەیشتۆتە (٦٠٠) هەزار دینار، کە ئەمەش بڕێکی زۆرە، بەتایبەت بۆ هەژاران، جا لێرەدا وابەستەی کۆمەڵایەتیی دەرئەکەوێت و بەهۆی ئەم مەراسیمانەوە پەیوەندییەکان زیاتر توند و قووڵتر ئەبێتەوە.

شێوازی گۆڕەکە: کاتێک مرۆڤ ئەمرێت، باشتر وایە گۆڕەکەی ئەوەندە بۆی قووڵ بکرێت، کە دڕندە یان گیانلەبەر نەتوانن جەنازەکەی بهێننە دەرەوە، یان بەهۆی ئاوێکی زۆر یان لافاوێک جەنازەکە دەربکەوێت و بێتە دەرەوە. قووڵیی گۆڕ، باشتر وایە مرۆڤێکی بەژن ئاسایی راوەستێ و دەستەکانی بەرزبکاتەوە، ئەوەندە قووڵ بکرێت، ئەم ئاستەی قووڵکردنی گۆڕ بەبێ جیاوازیی لە ناوان رەگەزی نێر و مێ پیادە ئەکرێت (لە شاری هەولێر قووڵیی گۆڕەکە تا سەر سینگ هەڵئەکەنرێت، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە خاکەکەی پتەوە و پێویست بەوە ناکات زۆر قووڵ بکرێت، هەندێکجاریش جیاوازیی لە ناوان رەگەزی نێر و مێدا ئەکرێت لە چەندێتی قووڵایی گۆڕەکە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتەی کە ئافرەت عەورەتە و ئەبێت گۆڕەکەی قووڵتر بێت). هەروەها دوو شێوازی گۆڕ هەیە؛ ئەوانیش: «یەک راست»(حفر)، یان «لاگۆڕ»(لحد)، ئینجا؛ ئەبێت گۆڕ لە دەرەوە ئەوەندە بەرز بکرێتەوە کە بزانرێت ئەوە گۆڕە، تاکو بەسەریدا نەڕۆن و دەستکاری نەکرێت و رێزی لێ بگیرێت. ئەکرێت نیشانەیەک دابنرێت بۆ ئەوەی شوێنەکە بناسرێتەوە کە ئەوە گۆڕی کەسێکە، ئەکرێت ئەو بەرزکردنەوەیە یەک بست یان دوو بست بێت. باشتروایە ئەو بەرزکردنەوەی هەر بە خۆڵ بکرێت، تەنها لای سەری گۆڕەکە شتێک دابنرێت و ناوی مردووەکەشی لەسەر بنووسرێت، بەڵام لەلای زۆربەی بنەماڵەکان کێلە گۆڕ بۆ مردووەکانیان درووست ئەکرێت (ئەم کێلە گۆڕانە ئایەتی قورئان و ناوی مردووەکە و ساڵی لەدایکبوون؛ ساڵ و رۆژی مردنی لەسەر دەنوسرێت، هەندێجار ئەوتریت کە شەهیدە یاخود بەکارەساتێکی دڵتەزێن مردووە، هەندیجاریش دێرە شیعرێکی لەسەر هەڵئەکەنرێت، زۆربەی ئەمانەش بۆ ئەوەیە تاوەکو مردووەکە بناسرێتەوە). هەندێک بنەماڵ زیادەڕۆیی ئەکەن لەم بابەتە بۆ خۆدەرخستن لەناو خەڵکییدا؛ بۆ ئەم مەبەستە کێلە بەردی بەنرخ و گران بەها بۆ گۆری مردووەکانیان دائەنێن و ئەیڕازیننەوە، تاوکو دەریبخەن ئەوەندە ئەو بنەماڵەیە مردووەکەیان لەلا خۆشەویستە. شێوەی گۆڕیش لە شاری هەولێر، لای خۆمان زیاتر یەک راست»(حفر)ە بەکارئەهێندرێت لە زۆربەی کاتدا گۆڕ درێژییەکەی (٢) مەترە و پانییەکەی (١) مەتر ئەبێت، قووڵییەکەی لای ئەوانەی خۆبەخشانە ئەم کارە ئەکەن، بەبێ جیاوازیی رەگەزی نێر و مێ، ئەوا بەقەد ناوەڕاستی یان پشتێنی کەسێکی ئاسایی گۆڕ قووڵ ئەکەن، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستە بۆ لێدانی گۆڕێک ئەوا (لە ٣ کەس کەمتر نەبێت و ٥ کەس زۆر باش ئەبێت) کە نزیەکەی (٢-٣ سەعات) کاتی ئەوێت. ئێستا بە حفارە قەبر لێ ئەدرێت بە نزیکی(٨٠-١٠٠)هەزار دیناری تێ ئەچێت. لە زۆربەی کاتدا چەند گەنجێک لە کەسە نزیکەکانی خاوەن مردووەکە بەشداریی ئەکەن و ئامادە ئەبن لە کاتی گۆڕهەڵکەندن دا، بۆئەوەی کەل و پەلە پێویستەکان ئامادە بکەن بۆ ئەوانەی کە گۆڕ لێ ئەدەن. لە کۆتاییدا پێویستیمان بە (نزیکەی ٢٠ بلۆک، ٥ کاشی شتایگەر ئەبێت)، بۆ درووستکردنی گۆڕ لە کۆتاییەکەیدا دووریز دیوار یان "دوو ریز و نیو" بەپێی قەڵەویی و زەعیفیی مردووەکە درووست ئەکەین، ئینجا بە قوڕ تەنیشتەکانی ئەگیرێت و دوای دانانی مردووەکە رووە و قیبلە، ئەوا کاشی شتایگەرەکەی لەسەر دائەنرێت، ئینجا دەستئەکرێت بە خۆڵ بەسەرداکردنی.

لەسەردەمی پەتای کۆرۆنادا، ئەوا قووڵیی گۆڕیش گۆڕانی بەسەردا هات، واتە تەنها بە چاڵ قولکردن(حفارة) گۆڕ لێ ئەدرا لەهەمان کاتدا قووڵییەکەی لە(٢)مەتر زیاتر ئەکرا، ئەمەش لەبەر ترسی بڵاوبوونەوەی پەتاکە، هەروەها کە پێشتر قووڵایی گۆڕەکان بەوجۆرە نەبوون بەبێ جیاوازییکردن لە ناوان پیاو و ئافرەت ئەم کارە ئەکرا. بەهەمان شێوە جیاوازیی نەئەکرا لەوەی کە پیاوە یاخود ئافرەتە بەڵکو لەلایەن تیمێکەوە ئەوا بە شێوازێکی تایبەت تەرمەکەیان دەخستە ناو گۆڕ و بۆ ئەوەی کەمترین بەرکەوتەیان لەگەڵیدا هەبێت. هەروەها دوای هێور بوونەوەی ڕەوشی پەتای کۆرۆنا، ئەوا شێوازەکە گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی ئێستا ئەگەر کەسەکە بەو پەتایەش مردبێ ئەوا هەر بەشێوازی پێش پەتای کۆرناکە ئەنێژرێت.

هەروەها لەکاتی شەڕ و شۆڕ یاخود ئاوارە هەبوونی بنەماڵەکان؛ هەندێکەس مردووەکانییان بەئەمانەت ئەنێژن؛ یاخود کەسەکە بەر لەمردنی وەسیەتی کردووە ئەگەر مرد لێرە بەئەمانەت بینێژن دواتر کە بارودۆخ چابووەوە بیبەنەوە شوێنی باب و باپیرانی؛ ئەمەش بۆ عەشیرەتخوازی یان ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکان هەیانە و پێیانوایە تا لە مردووی خزم و کەسەکانیان نزیک بن باشترە، چونکە بڕوایەکی وا باوە کە بە مردوویش ئەتوانن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریی هەبێت و بە تەنها نەبن. واتا ئەگەر مردوو وەسیەتی کردبوو لە شوێنێک بینێژن، ئەوا ئەبێت وەسیەتەکەی جێبەجێ بکرێت. شێوازی ناشتنەکەش باشتروایە لەلای قاچەکانییەوە سەری مردووەکە شۆڕ بکرێتەوە بۆئەوەی بە ئاسانی کارەکە جێبەجێ بکرێت.

کاتێک ئافرەتێک مردووە و لە گۆڕ ئەنرێت، ئەبێت کەسانی نزیکی خۆی هەڵیبگرن و لە گۆڕدا وەریبگرن. واتە ئەبێت کەسانی مەحرەمی خۆی بن. لە ئێستادا نەریتێک هەیە؛ کاتێک مردوویەکی ئافرەت ئەشارنەوە، ئەوا بەتانییەک یان پارچە قوماشێک لەسەر گۆڕەکەی دائەنێن، بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت کاتێک شۆڕی گۆڕی ئەکەنەوە، نەوەکو لەم پرۆسەیەدا مردووەکە لە دەستیان بەربێتەوە و عەورەتی دەربکەوێت.

مامۆستا ئایینییەکان ئەڵێن ئەم تەلقینە بۆ زیندووانە نەک مردووان، چونکە ئەوان خۆیان و کردەوەی خۆیان چوونە جێگای حەقی خۆیان)، تەلقینی مردووان بۆ مردوو نەبووە و نییە، چونکە ئەو کەسەی دوا ماڵئاوایی ئەکات و لە تاریکیی گۆڕدایە هیچ ئاگایەکی لە دەرەوەی گۆڕ و زیندووەکانی ئەو مەراسیمە نییە، بۆیە ئەو تەلقینە بۆ زیندووەکانە. ئەوەش بۆ ئەوەی هەر ئامادەبوونێک لە ڕێگای ئەو تەلقینەوە ئاگادار بێتەوە، کە ڕۆژێک ئەویش ماڵئاوایی ئەکات و ئەم دونیایە بەجێ ئەهێڵێت، بۆیە باشتر وایە بەر لەو سەفەرە بەخۆیدا بچێتەوە و بۆ لای پەروەردگاری خۆی و ئایین و باوەڕەکەی بگەڕێتەوە. ئەوانەی تەلقینی مردوو ئەدەن لەسەر گۆڕ بەناوی دایکەوە بانگی مردووەکە ئەکەن، ئینجا؛ وا پەسەندە پاش شاردنەوەی جەنازەیەک هەندێک لە ئامادەبووانی سەر قەبران بمێننەوە و کۆتایی سورەتی «البقرة» و هەندێک قورئان بخوێنن، دوایی ماڵاوایی بکەن و بڕۆن.

نوێژگێڕانەوە (سەلات و ئیسقات): واتە گێڕانەوەی نوێژ لەلایەن کەسێکەوە بە پارە یا بەزێڕ بۆ مردووەکە. ئەم نوێژە بۆ کەسانێک ئەگێڕرێتەوە کە ئەگەر هەندێک لە نوێژەکانی نەکردبێت و لە کیسی چووبێت، واتە ئەم نوێژە بۆ کەسانێک نابێت کە لە ژیانیدا نوێژی نەکردبێت. لێرەدا خاوەن مردووەکە لەگەڵ کەسێک ڕێک ئەکەوتن تاوەکو لە بریی مردووەکەیان نوێژ و ڕۆژووەکانی بۆ بگێڕیتەوە، جا ئەم ڕێککەوتنە کاتێکە کە هێشتا مردووەکە نەشاردراوەتەوە یان ڕۆژێک دوای ناشتنی مردووەکە، مەلایەک ئەهێنرێت و لەناو

پرسەی پیاوان ئەم ڕێککەوتنەیان ئەکرد و پارەکەیان ئەدایە. بەم پێیەش لە رابردوودا ئەم کارە زیاتر ئەکرا و بڕوایان پێ هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم کارە زۆر گرنگیی پێنادرێت. بۆ ئەم نوێژەش «صلات و ئیسقات» یەک بۆچوون هەیە لای یەکێک لە زانایانی (مەزهەبی حەنەفیی)، کە باسی نوێژی گێڕانەوەی کردووە، بەڵام بە راستی وتەکە لەوپەڕی (بێهێزیی و ئیش پێ نەکردنە)، نوێژی بە پارە و پوول لەسەر مردوو لاناچێ، هەروەها چونکە نوێژ لە هەموو کاتێک وەکو بۆ نموونە ڕۆژوو نییە، لە ساڵێک یەک مانگ بێت، یان بۆ نوێژ ئەکرێت کەسەکە بە پێوە بیکات، ئەگەر نەیتوانی با بە دانیشتن بیکات، ئەگەر نەیتوانی با بە پاڵدانەوە بیکات، یان بە هەر شێوازێک بێت ئەکرێت بیکات؛ بەڵام ڕۆژوو و نەزر و کەفارەتی سوێند و هەندێ شتی تر لەسەر مردوو لائەچێ و خێری بۆ مردوو هەیە!...».

هەندێکجار دوای ئەوەی هەموو کەسەکان لەسەر گۆڕستان ئەڕۆن، دوو کەس لەسەر گۆڕەکە ئەمێننەوە لەگەڵ مردووەکە و، نزای خێری بۆ ئەکەن، هەندێک قورئان ئەخوێنن بەو مەبەستەی لە گۆڕدا بەزەیی بەربکەوێت.

شێوازی گۆڕەکە: کاتێک مرۆڤ وەفات ئەکات، باشتر وایە گۆڕەکەی ئەوەندە بۆی قووڵ بکرێت، کە درندە یان گیانلەبەر نەتوانن جەنازەکەی بهێننە دەرەوە، یان بەهۆی ئاوێکی زۆر یان لافاوێک جەنازەکە بەدیار بکەوێت و بێتە دەرەوە. قووڵیی گۆڕ، باشتر وایە مرۆڤێکی بەژن ئاسایی راوەستێ و دەستەکانی بەرزبکاتەوە، ئەوەندە قووڵ بکرێت، ئەم ئاستەی قووڵکردنی گۆڕ بەبێ جیاوازیی لە ناوان رەگەزی نێر و مێ پیادە ئەکرێت(لە شاری هەولێر قووڵیی گۆڕەکە تا سەر سینگ هەڵئەکەنرێت، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە خاکەکەی پتەوە و پێویست بەوە ناکات زۆر قووڵ بکرێت، هەندێکجاریش جیاوازیی لە ناوان رەگەزی نێر و مێدا ئەکرێت لە چەندیتی قووڵایی گۆڕەکە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتەی کە ئافرەت عەورەتە و ئەبێت گۆڕەکەی قووڵتر بێت). هەروەها دوو شێوازی گۆڕ هەیە؛ ئەوانیش: «یەک راست»(حفر)، یان «لاگۆڕ»(لحد)، ئینجا؛ ئەبێت گۆڕ لە دەرەوە ئەوەندە بەرز بکرێتەوە کە بزانرێت ئەوە گۆڕە، تاکو بەسەریدا نەڕۆن و دەستکارینەکرێت و ڕێزی لێ بگیریت. ئەکرێت نیشانەیەک دابنرێت بۆ ئەوەی شوێنەکە بناسرێتەوە کە ئەوە گۆڕی کەسێکە، ئەکرێت ئەو بەرزکردنەوەیە یەک بست یان دوو بست بێت. باشتروایە ئەو بەرزکردنەوەی هەر بە خۆڵ بکرێت، تەنها لای سەری گۆڕەکە شتێک دابنرێت و ناوی مردووەکەشی لەسەر بنووسرێت، بەڵام لەلای زۆربەی بنەماڵەکان کێلە گۆڕ بۆ مردووەکانیان دروست ئەکرێت (ئەم کێلە گۆڕانە ئایەتی قورئانی و ناوی مردووەکە و ساڵی لەدایک بوون؛ ساڵ و ڕۆژی مردنی لەسەر دەنوسرێت، هەندێجار دەوتریت کە شەهیدە یاخود بەکارەساتێکی دڵتەزێن مردووە، هەندیجاریش دێڕە شیعرێکی لەسەر هەڵئەکەنرت، زۆربەی ئەمانەش بۆ ئەوەیە تاوەکو مردووەکە بناسرێتەوە). هەندێک بنەماڵ زیادەڕۆیی ئەکەن لەم بابەتە بۆ خۆدەرخستن لەناو خەڵکیدا؛ بۆ ئەم مەبەستە کێلە بەردی بەنرخ و گران بەها بۆ گۆڕی مردووەکانیان دائەنێن و دەیڕازیننەوە، تاوکو دەریبخەن ئەوەندە ئەو بنەماڵەیە مردووەکەیان لەلا خۆشەویستە. شێوەی گۆڕیش لە شاری هەولێر، لای خۆمان زیاتر یەک راست»(حفر)ە بەکاردەهێندرێت لە زۆربەی کاتدا گۆڕ درێژییەکەی (٢) مەترە و پانییەکەی (١) مەتر ئەبێت، قووڵییەکەی لای ئەوانەی خۆبەخشانە ئەم کارە ئەکەن، بەبێ جیاوازیی رەگەزی نێر و مێ، ئەوا بەقەد ناوەڕاستی یان

پشتێنی کەسێکی ئاسایی گۆڕ قووڵ ئەکەن، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستە بۆ لێدانی گۆڕێک ئەوا (لە ٣ کەس کەمتر نەبێت و ٥ کەس زۆر باش ئەبێت) کە نزیەکەی (٢-٣ سەعات) کاتی دەوێت. ئێستا بە حفارە قەبر لێئەدرێت بە نزیکی(٨٠-١٠٠)هەزار دیناری تێئەچێت. لە زۆربەی کاتدا چەند گەنجێک لە کەسە نزیکەکانی خاوەن مردووەکە بەشداریی ئەکەن و ئامادە ئەبن لە کاتی گۆڕهەڵکەندندا، بۆئەوەی شتە پێویستەکان ئامادە بکەن بۆ ئەوانەی کە گۆڕ لێئەدەن. لە کۆتاییدا پێویستیمان بە (نزیکەی ٢٠ بلۆک، ٥ کاشی شتایگەر ئەبێت)، بۆ دروستکردنی گۆڕ لە کۆتاییەکەیدا دووریز دیوار یان "دوو ریز و نیو" بەپێی قەڵەوی و زەعیفی مردووەکە درووست ئەکەین، ئینجا بە قوڕ تەنیشتەکانی ئەگیرێت و دوای دانانی مردووەکە رووە و قیبلە، ئەوا کاشی شتایگەرەکەی لەسەر دائەنرێت، ئینجا دەستئەکرێت بە خۆڵ بەسەرداکردنی.

لەسەردەمی پەتای کۆرۆنادا، ئەوا قووڵیی گۆڕیش گۆڕانی بەسەردا هات، واتە تەنها بە چاڵقولکردن(حفارة) گۆڕ لێئەدرا لەهەمان کاتدا قووڵییەکەی لە(٢)مەتر زیاتر ئەکرا، ئەمەش لەبەر ترسی بڵاوبوونەوەی پەتاکە، هەروەها کە پێشتر قووڵایی گۆڕەکان بەوجۆرە نەبوون بەبێ جیاوازییکردن لە ناوان پیاو و ئافرەت ئەم کارە جێبەجێ ئەکرا. بەهەمان شێوە جیاوازیی نەئەکرا لەوەی کە پیاوە یاخود ئافرەتە بەڵکو لەلایەن تیمێکەوە ئەوا بە شێوازێکی تایبەت تەرمەکایان دەخستە ناو گۆڕ و بۆ ئەوەی کەمترین بەرکەوتەیان لەگەڵیدا هەبێت. هەروەها دوای هێور بوونەوەی ڕەوشی پەتای کۆرۆنا، ئەوا شێوازەکە گەڕایەوە باری ئاسای خۆی ئێستا ئەگەر کەسەکە بەو پەتایەش مردبێ ئەوا هەر بەشێوازی پێش پەتای کۆڕناکە ئەنێژرێت.

هەروەها لەکاتی شەڕ و شۆڕ یاخود ئاوارە هەبوونی بنەماڵەکان؛ هەندێکەس مردووەکانییان بەئەمانەت ئەنێژن؛ یاخود کەسەکە بەر لەمردنی وەسیەتی کردووە ئەگەر مرد لێرە بەئەمانەت بینێژن دواتر کە بارودۆخ چابووەوە بیبەنەوە شوێنی باو باپیرانی؛ ئەمەش بۆ عەشیرەتخوازی یان ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکان هەیانە و پێیانوایە تا لە مردووی خزموکەسەکانیان نزیک بن باشترە، چونکە بڕوایەکی وا باوە کە بە مردوو‌ییش ئەتوانن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریی هەبێت و بە تەنها نەبن. واتا ئەگەر مردوو وەسیەتی کردبوو لە شوێنێک بینێژن، ئەوا ئەبێت وەسیەتەکەی جێبەجێ بکرێت. شێوازی ناشتنەکەش باشتروایە لەلای قاچەکانییەوە سەری مردووەکە شۆڕ بکرێتەوە بۆئەوەی بە ئاسانی کارەکە جێبەجێ بکرێت.

کاتێک ئافرەتێک مردووە و لە گۆڕ ئەنرێت، ئەبێت کەسانی نزیکی خۆی هەڵیبگرن و لە گۆڕدا وەری بگرن. واتە ئەبێت کەسانی مەحرەمی خۆی بن. لە ئێستادا نەریتێک هەیە؛ کاتێک مردوویەکی ئافرەت ئەشارنەوە، ئەوا بەتانییەک یان پارچە قوماشێک لەسەر گۆڕەکەی دائەنێن  بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت کاتێک شۆڕی گۆڕی ئەکەنەوە، نەوەکو لەم پرۆسەیەدا مردووەکە لە دەستیان بەربێتەوە و عەورەتی دەربکەوێت.

لە راستییدا، پێشان تەلقینی سەرقەبران نەبووە، بەڵکو نەریتێکە داهێنراوە، مەبەست لەم کارەش ئەوەیە کە کەسە نزیکەکانی مردووەکە کە لەسەروبەندیی لەدەسدانی خۆشەویستێکیانن، بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە ئا لەم کاتەدا دەرفەتە و خاوەن مردووەکە ئامادەیی زیاتری تیایە کە گوێ بگرێت؛ وەک ئەڵێن: (باشتر قەبر و قیامەتی لە بیرە، بۆیە مامۆستاکان ئەو حاڵەتە بە دەرفەت دەزانن، تیاییدا ئامۆژگاری ئامائەبووان ئەکەن، هەروەها مامۆستا ئاینییەکان ئەڵێن ئەم تەلقینە بۆ زیندووانە نەک مردووان، چونکە ئەوان

خۆیان و کردەوەی خۆیان چوونە جێگای حەقی خۆیان)، تەلقینی مردووان بۆ مردوو نەبووە و نییە، چونکە ئەو کەسەی دواماڵئاوایی ئەکات و لە تاریکی گۆڕدایە هیچ ئاگایەکی لە دەورەی گۆڕ و زیندووەکانی ئەو مەراسیمە نییە، بۆیە ئەو تەلقینە بۆ زیندووەکانە. ئەوەش بۆ ئەوەی هەر ئامائەبوونێک لە ڕێگای ئەو تەلقینەوە ئاگادار بێتەوە، کە ڕۆژێک ئەویش ماڵئاوایی ئەکات و ئەم دونیایە بەجێدەهێڵێت، بۆیە باشتر وایە بەر لەو سەفەرە بەخۆیدا بچێتەوە و بۆ لای پەوەردگاری خۆی و ئایین و باوەڕەکەی بگەڕێتەوە. هەندێک لەوانەی تەلقینی مردوو ئەدەن لەسەر گۆڕ بەناوی دایکی بانگی مردووەکە ئەکەن، ئینجا؛ وا پەسەندە پاش شاردنەوەی جەنازەیەک هەندێک لە ئامادەبوانی سەر قەبران بمێننەوە و کۆتایی سورەتی بەقەرە و هەندێک قورئان بخوێنن، دوایی ماڵاوایی بکەن و بڕۆن.

نوێژ گێڕانەوە(سەلات و ئیسقات): واتە گێڕانەوەی نوێژ لەلایەن کەسێکەوە بە پارە یا بەزێڕ بۆ مردووەکە. ئەم نوێژە بۆ کەسانێک دەگێڕدرێتەوە کە ئەگەر هەندێک لە نوێژەکانی ئەنجام نەدابێت و چووبێت، واتە ئەم نوێژە بۆ کەسانێک نابێت کە لە ژیانیدا نوێژی نەکردبێت. لێرەدا خاوەن مردووەکە لەگەڵ کەسێک ڕێک ئەکەوتن تاوەکو لە بریی مردووەکەیان نوێژ و ڕۆژووەکانی بۆ بگێرێتەوە، جا ئەم ڕێککەوتنە کاتێکە کە هێشتا مردووەکە نەشاردراوەتەوە یان ڕۆژێک دوای ناشتنی مردووەکە، مەلایەک ئەهێنرێت و لەناو پرسەی پیاوان ئەم ڕێک کەوتنەیان ئەکرد و پارەکەیان ئەدایە. بەمپێیەش لەڕابردوودا ئەم کارە زیاتر ئەکرا و بڕوایان پێ هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم کارە زۆر گرنگیی پێنادرێت. بۆ ئەم نوێژەش «صلات و ئیسقات» یەک بۆچوون هەیە لای یەکێک لە زانایانی (مەزهەبی احناف)، کە باسی صلات و ئیسقاتی کردووە، بەڵام بەڕاستی وتەکە لەوپەڕی (بێهێزی و ئیش پێنەکردنە)، نوێژی بەپارە و پول لەسەر مردوو لاناچێ، هەروەها چونکە نوێژ لە هەموو کاتێکە وەکو بۆ نموونە ڕۆژوو نییە، لە ساڵێک یەک مانگ بێت، یان بۆ نوێژ ئەکرێت کەسەکە بە پێوە بیکات، ئەگەر نەیتوانی با بە دانیشتن بیکات، ئەگەر نەیتوانی با بە پاڵدانەوە بیکات، یان بە هەر شێوازێک بێت ئەکرێت ئەنجامی بدات؛ بەڵام ڕۆژوو و نەزر و کەفارەتی سوێند و هەندێ شتی تر لەسەر مردوو لادەچێ و خێری بۆ مردوو هەیە!...».

هەندێکجار دوای ئەوەی هەموو کەسەکان لەسەر گۆڕستان دەڕۆن، دوو کەس لەسەر گۆڕەکە ئەمێننەوە لەگەڵ مردووەکە و، نزای خێری بۆ ئەکەن، هەندێک قورئان دەخوێنن بەو مەبەستەی لە گۆڕدا بەزەیی پێدابکرێت.

هەڵگرتنی گۆڕ (٢*) یەکێکە لە نەریتەکانی ناشتنی مردوو، هەندێک پێیان باشە دوای چلەی مردووەکە ئەم کارە ئەنجام بدرێت یاخود ئەڵێن: با بارانی لێبدات، پاشان گۆڕەکە هەڵبگیرێت، چونکە نەوەکو دوای هەڵگرتنی دارمێ، ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوە و بزر نەهەبوونی قەبرەکە ئەکرێت، بەڵام لە ئیسلامدا واجب نییە؛ ئەوەی ئەکرێت هەندێ جار زیادە ڕۆیی تیادا ئەکرێت؛ ئەمەش هەر نەریتێکی کۆمڵایەتییە و پەیڕە ئەکرێت. خاوەن مردوو قەبری مردووەکەی هەڵدەگرێت؛ دیسانەوە بۆ جاری دووەم خۆشەویستی خۆیان بۆ مردووەکە دەردەخەن؛ لە هەمان کاتدا ئەمە ئاماژەیەکە تاکو بەخەڵکی بڵێن: ئێمە کەسەکەی

---

٢ * لێرەدا مەبەستمان لەوەیە: کاتێ دوو کێلە قەبر؛ یەکیان لەلای سەری مردووەکە و ئەوەی تریان لەلای قاچەکانی دادەنرێت؛ هەروەها ناو و بەرواری مردن ...هتد. لەسەر دەنوسرێت، ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوەی قەبرەکە دەکرێت.

خۆمان خۆشدەوێ و لەبیرمانە هەروەها بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی لۆمەی خەڵکی نەبنەوە. هەر لەدوای ئەمەوە، بەهەمان شێوە خێر ئەکەن(بینراو یان نەبینراو یان هەردووکیان)؛(خێری بینراو واتا خێر ئەکەن بەچاو ئەبێنرێت تاکو خەڵکی ببینێ و بزانن؛ تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە ئەوان مردوی خۆیان لەبیر نەکردوە و خۆشیان دەوێت(بە دەوروبەرەکەش ئەڵێن ئەمە خێری ئەو کەسە کۆچکردووەمانە)، بەڵام خێری نەبینراو ئەوەیە بەبێ ئاگاداری هیچ کەسێک بەپارە یاخود بەهەر شێوەیەک خێر بکەی بۆ مردووەکە، بەڵام کەس پێی نەزانێت).

## هەشتەم: سەرەخۆشیکردن لەسەر قەبران:

سەرەخۆشیکردن لەسەر قەبران، ئەوە بابەتە راستەکەیە؛ کە خاوەن پرسەکە رادەوەستێ لەسەر قەبران خەڵکەکەش سەرەخۆشی خۆیان ئەکەن، واتە بنچینەکەی ئەوەیە پاش ئەوەی جەنازەکە بەخاک سپێردرا، سەرەخۆشی لە خاوەن مردووەکە بکرێت، لە سەرەخۆشیشدا باشتروایە بوترێت (ئەوەی خودا بردوویەتی هی خۆیەتی و ئەوەشی کە ئەیدات هەر هی خۆیرتی، هەموو شتێک لای خۆی کاتێکی دیاری کراوی هەیە، جا با ئارام بگرێ و بەهیوای پاداشت بێت)(سابق، ٨٦:٢٠٠٧).

بەر لە بەڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، ئەوا: دوای ئەوەی مردووەکە بە خاک سپێردرا، لەلایەن مامۆستایەکی ئایینییەوە، هەندێکجار بۆماڵ ئاواییکردن ئەو وشانە ئەڵێت: (دەچیت بۆ شوێنێک زۆر لەم دنیایە باشتر، دەچیە بەردەم خودایەک زۆر لە مرۆڤەکان یان خزموکەسەکانت بەبەزەیی تر...)، ئینجا ئەو کەسانەی ئامادە بوونە لەسەر قەبران دەستە دەستە و یان لە دوورەوە دوعای خێر بۆ مردووەکە ئەکەن و گەردەنی ئازاد ئەکەن و خواحافیزی لێ ئەکەن، ئینجا یەکێک یان جاریوایە ئەوەی تەلقینەکە ئەکات یان گەورە و دەمراستی خاوەن مردووەکە داوا ئەکات گەردەنی مردووەکە ئازاد بکەن و، هەروەها سوپاسیشیان ئەکات بەوەی کە ئەزیەتیان کێشاوە بۆ سەر قەبران هاتوون. ئینجا خزموکەسە نزیکەکانی مردووەکە بە دوو ڕیز ڕائەوەستن بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکەکەوە پرسەیان لێبکرێت، ئەوانیش خواحافیزیان لێ بکەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا وەزیفەیەکی کۆمڵایەتییە و ڕێز و خۆشەویستی کەس و کار و هاوڕێی مردووەکە دەرئەخات کە چەندە ئەوان گرنگ و بەڕێزن لەلایان؛ لە هەمان کاتدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزتر ئەکات.

ئەم ڕێوڕەسمە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە تاکەکان کۆ نەئەبوونەوە، بەڵکو چەند کەسێکی کەم لەوێ ئامادە ئەبوون، هەروەها زیاتر سەرەخۆشیکردن لە خاوەن مردووەکە لە ڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندییکردنەوە ئەنجام ئەدرا، سەرەخۆشی لە کەس و کارەکانیان ئەکرا، بێ ئەوەی وەکو جاران لە کۆبونەوەیاندا ئامادە بن بۆ کەمکردنەوەی خەمەکانیان و بەشداریکردن لە هەڵگرتنی فشارەکانی کاتی لە دەستدانی کەس و کاری مردووەکە. ماوەیەکی کەم دوای کۆرۆنا کاتێ دەچونە سەر قەبران ئەوا زۆرترین کەس کۆئەبوونەوە، چونکە پرسە دانانرا بۆیە وا باو بوو کە لەسەر قەبران سەرەخۆشی لە خاوەن مردووەکە بکەن، هەربۆیە دوای ئاسایی بونەوەی بار و دۆخەکە، ئەوا ئەو ڕێوڕەسمە گرنگیی زۆری پێدرا و جێگەی پرسەشی گرتەوە، خەڵکێکی زۆر بەشداریی تیا ئەکات و هەر لەوێدا پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە خاوەن مردوو ئەکات، بەڵام ئێستا دۆخەکە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هات و وەکو پێشتری لێهاتەوە.

## نۆیەم: سەرەخۆشیکردن لە خاوەن مردوو:

پاش سەرەخۆشیکردن لە خاوەن مردووە، ئیتر پێویست ناکات جارێکی تر سەرەخۆشی لێبکرێتەوە. سەرەخۆشیکردن تاکو (٣) رۆژە، لە هەر رێگایەک یان شوێنێک خاوەن مردوو ببینرێت ئەتوانرێت سەرەخۆشی لێ بکرێت یان ئەکرێت لە رێگەی ئامرازەکانی پەیوەندییکردن پرسە و سەرەخۆشی بە خاوەن مردوو بگەیەنرێت. سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ پرسە، ئەوا پرسە واتا دڵدانەوە؛ لە ئیسلامدا پرسە رێگەپێدراوە و بە سونەتێک لە سونەتەکان دەژمێردرێت، بەڵام نەوەکو ئەوەی لە ئێستادا ئەبێنرێت. لەڕابردوودا پرسە (٧) ڕۆژ بوو-بەتایبەت لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیست و بەتایبەت تر کاتێک مردووەکە گەنجێک بوایە و جوانەمەرگ بوایە ، بەڵام دواتر بوو بە (٣) ڕۆژ. دواتر بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی ئەوقاف بووە بە دوو ڕۆژ، دوا بەدوا پەتای کۆڕۆنە پرسە قەدەغە کرا، کەچی ئێستا کە بار و دۆخەکە بەتەواوی ئاسایی بۆتەوە ۆرسە دائەنرێت بەڵام بوە بەیەک ڕۆژ(ئەمەش بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی ئەوقاف کراوە بە یاسا)؛ ئامادەکارییەکانی پرسە دەست پێئەکات؛ هەرلەگەڵ گیان لەدەستدانی مردووەکە، ئەمیش بەئاگادار کردنەوەی کەس و کار و هاوڕێی خانەوادەکە؛ دواتر دەست ئەکەن بەکۆکردنەوەی ماڵی خاوەن مردووەکە، بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ دانانی پرسە. لەئێستادا خێمە هەڵئەدەن(جا ئەمەش لەبەر بچووکی ماڵەکانەوە یاخود بۆ ئەوەی خاوەن ماڵ پیس نەبێت؛ لە هەمان کاتدا بووە بەنەریتێکیش)، ئەمە بۆ پرسەی ژنان، بەڵام بۆ پرسەی پیاوان دوای ئەوەی لە مزگەوت گەڕانەوە ماڵێکی دراوسێیان ئامادە ئەکەن بۆ ئەم مەبەستە، یان لە مزگەوت دائەنیشن و خەڵکی بۆ سەرەخۆشیکردن یەن بۆ مزگەوت.

لە مزگەوتدا، مەلایەک بۆ قورئان خوێندن ئامادە ئەکرێت؛ لە هەمان کاتدا ئەبێ مەلاژنێکیش بۆ پرسەی ژنان ئامادە بکرێت بۆ قورئان خوێندن لەبەرامبەر دەسحەقێک پارە وەردەگرێت، کە ئەمەش بووە بە نەریتێکی کۆمەڵایەتیی ئەگەر مەلاژن بۆ پرسە نەهێنرێت، ئەوا؛ بەعەیبە بۆ یان هەژمار ئەکرێت. بەڵام لەلای پیاوان؛ کەسانی نزیکی مردووەکە بە پێوە لە مەراسیمەکەدا ئەوەستن و پێشوازیی لە خەڵکەکە ئەکەن و بەخێرهاتنیان ئەکەن. لەم دووڕۆژەدا خاوەن ماڵ لە پرسەکە دادەنیشێ و جلکی ڕەش دەپۆشێ و گریان و لاواندنەوە ئەکەن بۆ مردووەکایان. خەڵکیش چین چین یەن هەندێک دائەنیشن و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆیان بۆ خاوەن پرسەکە دەر دەبڕن. لەدووەم ڕۆژی پرسەکەدا کاتێ مەولوود خوێندن تەواو بوو، ئیتر کۆتایی بەپرسەکە دەهێنرا، بەڵام ئێستا پرسە تەنها یەک ڕۆژە.

سەبارەت بە ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕێگرتن لە پەتای کۆرۆنا، ئەوا لە ڕێنمایی ژمارە(٣١)ی ساڵی(٢٠٢٠)، کە لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ژمارە(٦٠٧٢)لە بەرواری(١-٠٥-٢٠٢٠)، دەرچوە، تێیدا لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە کە:» ئەو شوێنانەی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە داخراوی دەمینێتەوە:...هۆڵەکانی بۆنە ئایینیی و کۆمڵایەتییەکان...» . هەروەها لە ڕێنمایی ژمارە(٥٧)ی ساڵی(٢٠٢٠)، دووبارە جەخت کرایەوە لەسەر دانەنانی پرسە و قەدەغەکردنی، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٢١٧٤٤)لە بەرواری(٢٤-١٢-٢٠٢٠)دا دەرچووە، تێیدا بڕگەی شەشەمی تایبەت بە «قەدەغەکردنی داوەت، شایی، چوونە سەرقەبران و دانانی پرسە بەردەوام ئەبێت و بنکەی پۆلیس و موختاری گەڕەک بەرپرسیارن، ئیتر هەرکەسێک پابەند نەبێت بە بڕی(٢)ملیۆن دینار

پیبژاردنـی پـێ ئەکرێـت، بـەڵام دوای هێوربوونـەوەی پەتاکـە ئـەوا دۆخەکـە وەکـو پیشـتری لێهاتـەوە بـەڵام ڕۆژانـی پرسـە لـە دوو ڕۆژەوە بـوو بـە یـەک ڕۆژ؛ واتـە هـەر لەیەکـەم ڕۆژی پرسـەکە مەولوودیـش ئەکرێـت.

## دەیەم: ئاماژەکانی ناشتنی مردوو:

خاڵـی گرنگیـی ئـەو ڕێوڕەسـمە لـە ڕابـردوو ئێستاشـدا ئـەوە بـووە، کـە کۆمەڵگـەی کوردیـی زۆر ڕێـزی مردووەکانـی گرتـووە، ڕێزەکـەش لـە کۆمەڵێـک نەریتـدا خـۆی ئەبینێـت ەوە، لەوانـە:

یەکـەم: شـتنی مـردووەکان لەلایـەن کەسـە نزیکەکانییـەوە مانـای ئەوەیـە کـە ئـەو کەسـانە دوا خزمـەت و خۆشەویسـتی خۆیـان پێشـکەش بـە مردووەکـە ئەکـەن. جێگـەی ئاماژەبۆکردنـە کـە پێشـتر کەسـە نزیکەکانـی مردووەکـە کاریـی شـتنەکەیان ئەنجامـدەدا، بـەڵام هەنووکە لەلایـەن کەسانی شـارەزاوە و بـۆ خێـری خۆیـان ئـەم کارە ئەنجامئـەدەن، تەنانـەت لـە زۆربـەی مزگەوتـوو گەرەکەکانـی شـاری هەولێـر «بەتایبەتـی گەڕەکە هەژارنشـین و مامناوەنـدەکان» کۆمەڵێـک کـەس خۆبەخشـانە ئـەم کارە ئەکـەن.

دووەم: ئامـادە هەبوونـی زۆرتریـن کـەس و کۆمەڵانـی خەڵـک و بەڕێکردنـی کۆچکردووەکـە بـۆ گۆڕسـتان و ئامادەهەبوونیـان لـە ڕۆژانـی پرسـە، مانـای پەرۆشـی کۆمەڵگـەی کوردییـە بـۆ مردووەکانیـان.

سـێیەم: ئامـادە هەبوونـی مامۆسـتایانی ئایینیـی لـە تـەواوی مەراسیمەکە، مانـای ڕێزگرتنـی کۆمەڵگەیـە لـە ئاییـن و مامۆسـتاو بـاوەڕ و نەریتەکانـی ئینجـا ئەمانـەش تێکـەڵاوی سسـتمە کۆمڵایەتییەکـە کـراوە و بـووە بـە بەشـیک لـە کولتووریـی کۆمەڵگـە.

## یازدەم: ئەرکەکانی ناشتنی مردوو

ناشـتنی مـردوو چەنـد وەزیفەیەکـی هەیـە لەوانـە وەزیفـەی کۆمەڵایەتیـی، کـە بـۆ پارێزگاریکـردن کـە داب و نەریتـی کۆمەڵگـە ئەنجـام ئەدرێـت؛ چونکـە پەیڕەوکردنـی داب و نەریـت و پابەندبـوون پێـوەی واتـا زینـدوو هێشـتنەوەی ناسـنامەی نەتەوەیـە، پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە ئەبێتـە لەناوچوونـی شوناسـی ئـەو کۆمەڵگەیـە. هـەر خـۆی کۆبوونـەوەی خەڵکەکـە و بەهانـا هاتنیـان ئاماژەیـە بـۆ جەختکردنـەوە لەسـەر مانـەوەی پەیوەندییـە کۆمڵایەتییـەکان. هـەر هەمـووی پەیوەندییـی کۆمەڵایەتیـی نـاوان مرۆڤـەکان بەهێـز ئـەکات؛ لەهەمـان کاتـدا پێگـەی کۆمەڵایەتیـی بنەماڵەکـە و مردووەکـە لەنـاو کۆمەڵگـە دیـاری ئـەکات.

ئەتوانیـن بڵێیـن وەزیفـەی ئایینیـی گرنگتریـن بەشـی سسـتمی کۆمڵایەتییـە و کاریگەرییەکـی زۆری هەیـە لەسـەر تاکـەکان؛ ئـەم کەڵەکەبـووە کولتوورییـە ئەرکێکـی ئایینیـی هەیـە لەنـاو ژینگـە کۆمڵایەتییەکـەدا. بەهـا ئایینییـەکان وائەکـەن تاکـەکان هەسـت بـە ئارامـی بکـەن و دانبەخۆیـان دابگـرن، هەروەهـا یارمەتیـدەرن بـۆ ئـەوەی بەسـەر ناخۆشـیەکاندا زاڵبـن؛ بەتایبەتـی لەکاتـی لەدەسـتدانی کەسـێکی ئازیـز و خۆشەویسـت. ئاییـن یارمەتـی و دڵنەوایـی بـۆ خـاوەن مـردوو دابیـن ئـەکات، پابەندبـوون بـە پێـوەرە ئایینییەکانـەوە وائـەکات ڕێـز لـە گەورەیـی و شـکۆمەندیی مـردوو بگیرێـت و شـکۆی مرۆڤایەتیـی بـەرز ڕابگیرێـت.

هەروەهـا ئەرکێکـی دەروونییشـی هەیـە؛ چونکـە لەدەسـتدانی کەسـێکی ئازیـز ئەبێـت هـۆی تێکچوونـی بـاری دەروونیـی کەسـە نزیکەکانـی، بـەڵام لـە کاتـی پەتای کۆرۆنـا لـە کەناڵەکانـی پەیوەندییکـردن بەنموونە فەیسـبووک،

بە نوسینی پرسە و دڵتەنگبوون و ئەو هەواڵە ڕادەگەیەنن و چاوەڕوانن لە ڕێگای کۆمێنتەکانەوە دڵنەوایی بکرێن، یان لەلایەن کەسە نزیکەکانییەوە ئەم هەواڵە بڵاوئەکرێتەوە تێیدا هاوخەمی خۆیان بۆ خاوەن تازییەکە دەنێرن، بەڵام دوای هێوربوونەوەی پەتای کۆرۆنا ئەوا خەڵکی لە پرسەکەوە هەوڵی دڵنەواییان ئەدایەوە.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە لەشێوازی بەخاکسپاردنی مردووەکان؛ پارێزگارییان کردووە لەم نەریتە. لەسەردەمی کۆرۆنادا ئامادەکارییەکانی مردووشتن، گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لە سەروبەندی پەتای کۆرۆنا، تەرمی کەسی بەکۆرۆنا مردوو هەر لە نەخۆشخانە لەلایەن کارمەندانی ئەو نەخۆشخانەیەوە ئەشۆرا و ئامادە ئەکرا. بەڵام لە ئێستادا بارودۆخەکە ئاسایی بۆتەوە، بەرەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان تەرمی کەسی مردوو بە ئاسایی دەشۆردرێت. هەروەها ئەم مەراسیمە پێگەی کۆمەڵایەتیی مردووەکە دەرئەخات؛ لە هەمان کاتدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی ناوان تاکەکان بەهێز ئەکات تاکو ئێستا ئەم مەراسیمە ڕێز و سەنگی خۆی لەدەست نەداوە. لە ڕابردوودا نوێژکردن لە سەر مردوو ئەکرا، ئەم فەرزە و نەریتەش گۆڕانی بەسەرداهات. لە سەروبەندی پەتای کۆرۆنا، هەر لە گۆڕستان و دوای ناشتنی مردووەکە نوێژی مردووی لەسەر دەکریت، بەڵام لای هەندێک کەس کە شارەزایی هەبوو، ئەوا نوێژی (صلاة الغائب)ی لەسەر ئەکرد، بەڵام لە ئێستادا ڕەوشەکە ئاسایی بۆتەوە و وەکو پێشتر بەڕێوە ئەچێت، واتە هەر لە مزگەوت. تاکو هاتنی پەتای کۆرۆنادا مردوو کفن ئەکرا ئینجا بە خاک دەسپێردرا، بەڵام لەسەروبەندی بڵاووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، مردوو هەر بە جلی خۆیی و جلێکی تایبەت بە نەخۆشخانە بە خاک دەسپێردرا، بەڵام لە ئێستادا هەروەکو پێشتر کفن دەکریت بە خاک ئەسپێررێت. شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە تاکو ئێستا هەروەکو خۆیەتی؛ لەلای هەژار و چینی ناوەند، دانانی پرسە لە مزگەوت، بەڵام دوای پەتای کۆرۆنا قەدەغە کرا، لە سەرەتادا دانانی پرسە لە ماڵیشەوە قەدەغە کرا، بەڵام دواتر ماڵەکان جێگای دانانی پرسەن و کەسانی نزیک لە خاوەن تازییەکە هەر لە ماڵەوە، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت سەردانی ئەکەن و پرسەی خۆییان دەگەیەنن. ئێستا زۆری خەڵکی شاری هەولێر (صلاة اسقاط) ناکەن، چونکە خەڵکی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ئایینییانەوە تێگەیشتون کە مرۆڤەکان دوای مردن پێویستیان بەم کارە نییە. هەروەها مەراسیمی مردووناشتن ئەم وەزیفانەی هەیە وەک: کولتووریی و کۆمەڵایەتیی ، ئایینیی و دەروونیی. بەڵام لە کاتی پەتای کۆرۆنادا ئەم وەزیفانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ئێستادا پرسە وەکو جاران وەزیفەکانی خۆی بەباشی جیبەجێ ئەکات.

لە ڕابردوودا نوێژ لە سەر مردوو ئەکرا، بەڵام دوای پەتای کۆرۆنا ئەم فەرزە و نەریتەش گۆڕانی بەسەرداهات. لە سەروبەندی پەتای کۆرۆنا، هەر لە گۆڕستان و دوای ناشتنی مردووەکە نوێژی مردووی لەسەر دەکریت، بەڵام لای هەندێک کەس کە شارەزایی هەبوو، ئەوا نوێژی(صلاة الغائب)ی لەسەر ئەکرد، بەڵام لە ئێستادا ڕەوشەکە ئاسایی بۆتەوە و وەکو پێشتر بەڕێوە ئەچێت، واتە هەر لە مزگەوت. هەروەها سەرەخۆشیکردن لە سەر قەبران، ئەم ڕێورەسمە لە سەروبەندی پەتاکە بەرە و نەمان دەچوو، تاکەکان بە

ئامرازەکانی پەیوەندییکردن سەرەخۆشی خۆییان دەگەیەنـد، بەڵام دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆەکە، ئەوا ئەو ڕێورەسمە گرنگیی زۆری پێدرا و جێگەی پرسەشی گرتەوە.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

١- داوائەکەین توێژینەوە لە شێوازی ڕێورەسمی مردووناشتنی ئایینزاکانی تریشدا بکرێت، دواتر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە، هەروەها باس لەسەردەمی کۆرۆناش بکرێت.

٢- ئەمە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە ڕێورەسمی مردووناشتن لە شاری هەولێر، ئەکرێت توێژینەوەیەک لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان لەبارەی مەراسیمی مردووناشتن (لە پێش و دوای سەردەمی کۆرۆنا) بکرێت.

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

١_ وەزارەتی ئەوقاف، لە ڕێگەی مامۆستایان و میمبەری مزگەوتەکان تاکەکانی کۆمەڵگە وشیار بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەندێک لەو نەریتانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو خەڵکی ئەنجامیان ئەدەن کە ڕەنگە دژی ئایین بێت، بەجۆرێک زیادەڕەوی تیا نەکرێت. ئەوەش دەکری مزگەوتەکان بەو کارە هەڵبستن ، لەبەر ئەوەی مزگەوتەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی خەڵک هەیە.

٢- پێشنیار ئەکەین لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە خەڵکی هۆشیار بکرێنەوە بەرامبەر بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە، ئەرکەکان بەسادەیی ئەنجام بدرێن نەک ئاڵۆز بکرێن

## لیستی سەرچاوەکان.

ابراش، د. ابراهيم خليل (٢٠٠٩) المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية. رام الله: دار الشروق للنشر والتوزيع.

ئەحمد، بوساحە (٢٠١٤) ، مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە، و: دانا مەلا حسەن، سلێمانی: ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

ئەنوەر، کەیوان ئازاد، (٢٠١٠)، نەریتەکانی کورد، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

بایەزیدی، مەلا محمودی (٢٠١٥)عادات و رسوماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)، و: بۆ ڕوسی م.م.ڕوودنیکۆ، و: لەڕووسییەوە پ.د.شوکریە ڕەسول ئیبراهیم. تاران: چاپخانەی پەنجەرە.

بيبر، شارلين هس و ليڤى، باتريشيا (٢٠١١) البحوث الكيفية في العلوم الاجتماعية، ترجمة: هناء الجوهري. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب

الحسن، د. احسان محمد (١٩٩٩) موسوعة علم الاجتماع، بيروت: دار العربية للموسوعات.

ريان، محمد سيد(٢٠٢٢) ثقافة مابعد كورونا-الفيروسات الثقافية: المواجهة و العلاج و الطريق نحو المستقبل، بيروت: مؤمنون بلا حدود.

الزيباري، أ. د. طاهر حسو، (٢٠١١) أساليب البحث العلمي في علم الاجتماع. بيروت: مجد المؤسسة الجامعية

للدراسات والنشر والتوزيع.
سكوت، جون و مارشال، جوردون (٢٠١١) موسوعة علم الاجتماع، ت: محمد الجوهرى، محمد محيى الدين، محمود عبدالرشيد و هناء الجوهرى، المجلد الثاني، ط٢. القاهرة: المركز القومي للترجمة.
سليم، د. شاكر مصطفى (١٩٨١) قاموس الانثروبولوجيا، الكويت: جامعة الكويت.
سندی، پ. بەدرخان (٢٠٠٨) کۆمەڵگەی کوردەواریی لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و. د. اسماعیل ئیبراهیم سەعید. هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.
سید، سابق (٢٠٠٧) فیقهی سونە، و: حەمەئەمین ئەحمەد بەرزنجی، بەرگی دووەم، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی رۆشنبیر.
صابر، هەردی (٢٠١٣) ئادابەکانی بەڕێ کردنی مردوو بە وێنەوە، چ٤، سلێمانی: چاپخانەی شارستان.
الصيرفي، أ. د. محمد عبدالفتاح (٢٠٠٨) البحث العلمي "الدليل التطبيقي للباحثين"، ط٢. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.
عبيدات و مبيضين، د. محمد، د.محمد أبو نصار و د.عقلة (١٩٩٩). منهجيه البحث العلمي "القواعد والمراحل والتطبيقات"، ط٢. عمان: دار وائل للطباعة والنشر.
القصاص، د. مهدي محمد (٢٠١٤) تصميم البحث الاجتماعي، ديوانية: دار نيبور للطباعة ولاتوزيع.
قنديلجى، د. عامر و السامرائي، د. إيمان (٢٠٠٩) البحث العلمي "الكمي والنوعي". عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.
كوبان، جان، (٢٠٠٧) المسح الإثنولوجي الميداني، ترجمة: جهيدة لاوند، بغداد: معهد الدراسات الاستراتيجية.
موحسنی، د. مەنوچێهر (٢٠٠٧) کۆڵناسی گشتی، و: موسڵح ئیروانی، چ٢، هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
ناشمياز، شاڤافرانكفورت، داڤيد (٢٠٠٤) طرائق البحث في العلوم الاجتماعية، ترجمة: ليلى الطويل. ديمشق: دار بترا للنشر والتوزيع.
هند العقيبة(٢٠٠٧) المعاني الاجتماعية للتقاليد المرتبطة بظاهرة الموت وعاداته ، دراسة انثروبولوجية اجتماعية ميدانية في مدينة بانياس وريفها ، مجلة جامعة دمشق_المجلد ٢٣_ العدد الثاني.
الوائلي، عبدالجبار،(١٩٨٢)، العقل والنفس والروح، بيروت: منشورات عويدات.

Angrosino, M.V., ٢٠٠٦. Doing cultural anthropology: Projects for ethnographic data collection. Waveland Press.
Campbell, E. and Lassiter, L.E., ٢٠١٤. Doing ethnography today: Theories, methods, exercises. John Wiley & Sons.
Taylor, T.L., Boellstorff, T., Nardi, B. and Pearce, C., ٢٠١٣. Ethnography and virtual worlds: A handbook of method. Princeton university press.

# الدفن كطقوس اجتماعية

# (دراسة أنثروبولوجية)

## الملخص بالغة العربية

هـذا البحـث عبـارة عـن دراسـة انثروبولوجيـة تسـعى لعـرض العـادات و التقاليـد مراسـم الدفـن في مدينـة اربيـل.
اهـداف هـذا البحـث: محاولـة تحديـد دلالات و طقـوس الجنائـز حسـب العـادات و تقاليـد سـكان مدينـة اربيـل و كيـف تاثـر طقـوس الجنائـز بتحـولات المجتمـع، حيـث ان تاثيـرات وبـاء كورونـا كان و لايـزال ئاثـاره موجـودة، و ذالـك لكـي يتبيـن لنـا الـى اي مـدى اثـرت هـذه التقاليـد علـى مسـيرة حيـاة الافـراد المقيميـن في مدينـة اربيـل.
ايضـا تحديـد التغيـرات التـي طـرات عليهـا؛ ظهـور اسـاليب جديـدة وعـادات جديـدة متعلقـة بالجنائـزو مـن ثـم عـرض الوظائـف التـي تقـوم بهـا هـذه الطقـوس المنهـج المسـتخدم في الدراسـة هما(المنهـج إثنوغـرافي و المنهـج المقـارن) واسـتخدمة العينـة القصديـة مـن نـوع (عينـة الحـالات الغنيـة). وحـدة العينـه مكـون مـن (١٠)فـردا مـن مدينـة اربيـل. اسـاليب جمـع البيانـات المسـتخدمة هـي: (المقابلـة، الملاحظـة والملاحظـة بالمشـاركة).
توصـل هـذا البحـث الـى عـدة نتائـج منهـا: هـذه الطقـوس تظهـر المكانـة الاجتماعيـة للمتـوفي، و في نفـس الوقـت تقـوي العلاقـات الاجتماعيـة و تعززهـا بيـن الافـراد. حتـى الان حافظـت هـذه المراسـم علـى تقديرهـا و رصانتهـا بالرغـم مـن ان بعـض عاداتهـا تغيـرت و ظهـرت تقاليـد جديـدة بسـب التغيـرات الاجتماعيـة مثـل: احضـار قارئـات القـران و قـراءة المولـد مقابـل اجـر معيـن. بقيـت تقاليـد هـذه المراسـم علـى حالهـا لـدى الطبقـة الفقيـرة و المتوسـطة و لكـن يبالـغ الطبقـة الغنيـة في التكاليـف الماديـة بشـكل نسـبي. مايتعلـق بصـلات الاسـقاط، فـلان لا يتـم اقامـة و اداء هـذه العـادة بشـكل كبيـر. كـما ان هـذه الطقـوس لهـا وظائـف ك(الثقافيـة، الاجتماعيـة، الدينيـة و النفسـية).

# Burial As a Social Ceremony (An Anthropological Study)

## Abstract

This research is an anthropological study that seeks to present the customs and traditions of burial ceremonies in the city of Erbil. Objectives of this research: An attempt to determine the indications and rituals of funerals according to the customs and traditions of the residents of the city of Erbil, to know and show us the extent to which these traditions affected the individual's life residing in the city of Erbil. also specifying the changes that have taken place; The emergence of new methods and new customs related to funerals, and then the presentation of the functions performed by these ceremonies. The methodology used in the study are (ethnographic method, comparative method) and the intentional sample (rich cases sample) was used. The sample unit consisted of (١٠)

individuals from the city of Erbil. The data collection methods used are: (interview, observation and participant observation).

This research reached several results, including These ceremonies show the social status of the deceased, and at the same time strengthen and enhance social relations between individuals. Until now, these ceremonies have maintained their appreciation and sobriety, although some of their customs have changed and new traditions have emerged due to social changes and the Corona epidemic, such as: bringing female Quran reciters and Mawlid readings for a certain fee. The traditions of this ceremony remained the same among the poor and middle class, but the rich class exaggerated the material costs relatively. Concerning the prayer of dropping, and so this custom is not established and is performed mostly. Also, these ceremonies have functions (cultural, social, religious and psychological).

**Research Keys: Death, Burial, Tradition, Culture, Ceremony.**